# دەقە شیعرییەکانی

# گۆڤاری ( هاوار 1943 - 1932 )

# لەتەرازووی کێش و سەروا دا

**د. مەریوان عومەر حەسەن/ زانکۆی سلێمانی/ سکولّی زمان/ بەشی کوردی**

**پێشەکی**

هەروەك چۆن ژانری چیرۆکی هونەری بە گشتی و کورتە چیرۆکی کوردی بەتایبەت ئاوەهاش شیعر لەناوەراستی بیستەکانی سەدەی بیستەم وەك یەکێك لە جۆری ئەدەبیی و ستوونە سەرەکییەکانی ئەدەبی نوێی کوردیمان سەریدەرکرد ، ....هاوزەمەن یان چەند سالێك پێشتر بەو مێژووە لەگەڵیدا دێتە پێش و رۆڵی سەرەکیی خۆیان لەبنیاتنانی ئەم پێڤاژۆیە نوێیەی ئەدەبەکەدا ، کە ئەدەبی نوێی کوردییە دەبینن ، لەبەر کاریگەریی ڕۆڵی شیعر لەم بوارە، پێمانباشبوو بۆ دیاریکردنی رۆڵی گۆڤاری( هاوار -- ١٩٣٢-١٩٤٣ ) لە قۆناغی گواستنەوە لە عەرووزەوە بۆ کێشە پەنجەییەکان ودواتر دەرکەوتن و ئەفراندنی فۆرمی هونەرییانە وچەند پارچەشیعرێکی سەربەست ، لە توێژینەوەیەکی زانستی وسەبارەت بە ((دەقە شیعرییەکانی گۆڤاری (هاوار 1943 - 1932) لە تەرازووی کێش و سەروا دا )) بە ئەنجام بگەیەنین .

**ـ هەڵبژاردنی بابەتەکە :**

بابەتی توێژینەوەکەمان تایبەتە بە ((شیعرەکانی گۆڤاری(هاوار 1943-1932) لەتەرازووی کێش و سەروا دا )) مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتەمان پێداچوونەوەیە بەسەر وردەکاریی و ناساندنی کێش وسەرواویە لە شیعرەکانی نێو ئەو ماوەیەی توێژینەوەکەمان ، واتە کە گۆڤارەکەی تێدا دەردەچوو ، و بەهەردوو شێوەزمانە ئەدەبییە سەرەکییەکەی زمانی کوردی : (کرمانجیی ژووروو و کرمانجیی خواروو) بلاّودەکرانەوە ، ئێمەش لێرەدا بە پێویستمان زانی ، کەتیشکی توێژینەوەکەمان بخەینەسەر ئەو بوارە و بتوانین ناوی هەموو ئەو شاعیرە بە توانایانە بخەینەڕوو ، کە نەخشی بەرچاویان هەبووە لە رەگداکوتانی رەوتی ئەدەبی نوێی کوردیمان .

**ـ گرنگیی بابەتەکە :**

دەرکەوتنی ئەو هەموو ژمارە زۆرەی ژانرەکانی شیعری کوردیمان بە هەردوو شێوەزمانە ئەدەبییەکەی کورمانجیی ژووروو و ناوەڕاست ، پێداویستییەکی هەرچی زێتری دەرکەوتنی سەرەتاکانی ئەدەبە نوێیەکەمانبوو بۆ گوزارشتکردن لە واقعی سەردەمەکەو تەواوکردنی هەموو ئەو ئەرکە سەرەکییانە بوو ، کە خودی

شیعره كلاسیك و دەقە فۆلكلۆرییەكان نەیاندەتوانی  ببنە بەرسڤ و رەنگدانەوەی ژیانی كۆمەڵ ، كەواتە گاڤە سەرەتاییەكانی ئەودەمی شیعریش بە شیعری نوێشەوە لە ئەدەبی نوێی  هەرێمەكە بەگشتی و هی نەتەوەكەمان بەتایبەت نەیدەتوانی لەسەر پایەیەك راوەستێ وپێویستییەكی هەنووكەیی ئەودەمبوو ، كە ژانریچیرۆكی هونەریش ببێتە پایەكەی دیی ئەدەبەكەمان و وەك دەستەخوشكێكی ئەو ژانرە نوێیە لە مەیدانی بەركەماڵبوونی ئەدەبەكە شانبەشانی بڕوات و ئەركی خۆی لەهۆشیاركردنەوەو پێشكەوتنی كۆمەڵدا ببینێت ، هەڵبەت گرنگیی هۆنراوەكانیش لەوەدابوو ،لە پاڵ ژانری دەستەخوشكیی ئەدەبی( چیرۆكی هونەری)  فراوانترو زێتر  گوزارشت لە خودی نووسەر و دەوروبەر و كار لە بەرامبەرەكەی بكات .، ئەگەرچی ئێمە لێرەدا توێژینەوەكەمان تایبەتە بە كێش و سەروای دەقە شیعرییەكان گۆڤاری هاوار وتوانا هونەرییەكانی شاعیرانی نەتەوەكەمان لەوبوارەدا .

**میتۆد و پلانی  توێژینەوەكە :**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی ( وەسفی – شیكاری )..ڕووپێوی بەكارهاتووە ،.سەبارەت بە پلانەكەش: پلانی توێژینەوەكەمان كاركردنە لەسەركێش و سەروای ١٨٢ دەقی شیعر ، كە لە گۆڤارەكەدا بڵاوكرابوونەوە و لەوێدا پلانەكەمان بەسەر دوو بەشی سەرەكی دابەشكردووە : (بەشی یەكەم ) مان تەرخانكردووە بۆ دیاریكردنی كێشەكان وجۆرەكانیان ودەرخستنی بەربڵاوترین جۆری كێشەكان وریزبەندییان لەماوەی تەمەنی گۆڤارەكەدا ...،  (بەشی دووەم )یشیمان تەرخانكردووە بۆدیاریكردنی جۆری قاڵبە سەرواكان و لە كۆتایشدا خشتەیەكمان بۆ وردەكاریی كاری توێژینەوەكەمان خستۆتەڕوو .

بەشی یەكەم /

**كێش لە شیعرەكانی گۆڤاری ( هاوار ) دا  :**

لەدوای لێكۆڵینەوەیەكی ورد بە درێژایی ژمارەكانی گۆڤاری (هاوار ١٩٣٢ – ١٩٤٣ ) ، كەدەكاتە ٥٧ ژمارە و تێیدا نوسەرانی هەر چوارپارچەی كوردستان و بە هەردوو شێوەزمانە ئەدەبییەكەی كوردی : (كورمانجیی نێوەراست و كورمانجیی ژووروو )،هەروەها بەدوو شێوەنووسینی كوردیی (عەرەبی ولاتینی) تێكستە شیعرییەكانیان بڵاودەكردەوە ،

بۆ ڕۆچوونە نێو وردەكارییەكانی نێو پرۆسەی بەكارهێنانی كێشەكان سەرەتا لەبەرزۆریی بەكارهێنانی كێشەبڕگەییەكان  دێینە سەر ئەم كێشە و پاشان دێینە سەر عەرووزییەكان :

**أ  / كێشی بڕگەیی :**

كێش بە گشتی واتە بە (عەرووزی و بڕگەیی)ەكانییەوە بریتییە لە بنەما  هەرە سەرەكییەكانی پێكهاتەی شیعر و ئاوازی دەرەوەی دەق ، كەهەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە تا ئەمڕۆ و هەروا لەگەڵ خودی شیعریشدا  جا چ لای گەلانی ڕۆژئاوابێت یاخود ڕۆژهەلات و دوو دانەی لەیەكدانەبڕاوبوون و دەبن  ، بەتایبەت بۆ جۆری  كێشە بڕگەییەكان ،كە مێژووەكەیان زێتر كۆنتر و بەربڵاوترن لە جیهاندا و لای ئێمەش زۆركۆنن و دەگەڕێنەوە بۆ دووبەیتییەكانی باباتاهیرو سرووده ئاینییەكانی (یارسان )و( ماریفەتو پیرشالیار ) و هەروا بەردەوامبوونی تا

سەردەمی خانای قوبادی و مەولەوی و بێسارانی وعەبدولرەحیمی رەحمی هەکاری و تا دەگاتە ئەو وەرچەرخانەی ، کە هەرکام لە ( گۆران و قەدری جان و د.کامران ومیر جەلادەت عالی بەدرخانی برای وشێخ نوری شێخ سالح وعوسمان سەبری و پیرەمێرد و ..هتد...) لە سەر کێشە عەرووزییەکان ئەنجامیاندابوو ... ، ئەمە لەلایەک وبەردەوامیش لەبوونی ئەو کێشە بەدرێژایی تەمەنی شیعرە فۆلکلۆری ومیلییە کوردییەکان، بەتایبەت سەبارەت بە جۆرە کێشە بڕگەییەکانی : (٧ ) ، ( ٨ ) ، ( ١٠ ) دەبینرێن، بۆئەمەش دەکرێت لێرەدا نموونەی چەند دێرە شیعری فۆلکلۆری و میللی بهێنینەوە :

١) کێشی ٧ بڕگەیی :

أ/ بەدەستەپێی: (٥ + ٢ ) : هاتن لەلای سێ تیزان پێنج سپی مەمك فنجان

بالای یێژی لاولاوە گەردن وەك سێوی لوبنان [١]

ب/ بەدەستەپێی: (٤ + ٣ ) : هاتم لەلای هیندستان شل و کوێر و نەقوستان

هاتم لەلای ئەولایە خەرمانم لەبەر بایە [٢]

٢) کێشی ٨ بڕگەیی :(٤+٤ ) : سەبری ئەڵێ من شوو ناکەم جلی بووکی لەبەرناکەم

بەڕاوێژی دایکم ناکەم دڵی عاشقان ناخۆش ناکەم [٣]

٣) کێشی١٠بڕگەیی:(٥+٥): دەستێ کە نەبۆ نەکەمەر پەیوەس

نەیۆ نەگەردەن پەیایەی پەیوەس

ئەو دەس ئەردەستەی نەققاش مۆر بۆ

توخوا بلانش با بەستەی گۆر بۆ [٤]

مەجذووب

ئەم کێشانەش کێشی (٧ ) حەوتی و (٨) هەشتی و(١٠) دە بڕگەیی ، کە بە کێشە خۆماڵییە کوردییەکان ناسراون ،مەودایەکی فراوانی لە شیعری فۆلکلۆری و میللی وقۆناغی گواستنەوە و شیعری نوێی کوردیدا داگیرکردووە ،هەر سەبارەت بەم جۆرە کێشە و کێشی ٧ حەوت بڕگەییەکە( د.دلشا د عەلی ) ئاماژە بە(گۆران )ی شاعیر دەکات ، کە دەڵێت : (( ئەم کێشە لەفۆلکلۆری کوردیدا لە دوای کێشی ٨ هەشتییەوە دێت،..)) [٥]، واتە

---

[١] ئەیوب کوێخا رۆستەم ،توێژینەوەی تایبەت بە شیعرە فۆلکلۆرییەکانی شارەزوور ، چ/ کارۆ ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠١٣ ،ل٧٣ .

[٢] محمد کریم شریف، فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، زیادکردنی: سعداللە اسماعیل شێخانی،چ/الحوادپ،بەغدا-١٩٨٦،ل ٦٥ .

[٣] جعفر شێخ حسێن بەرزنجی، چەند مەڵۆیەك لە شارای فۆلکلۆری کوردی ،دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا،١٩٨٦ ، ل١٥٣ .

[٤] محەمەد عەلی قەرەداغی ، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا،١٩٨٢ ، ل٢١٨ .

[٥] د.دڵشاد عەلی ، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ،چ . ڕەنج، سلێمانی ١٩٩٩ ،ل ١٣٩.

کێشە هەشتییەکە زۆرتر باو بووە و کاری زێتری پێکراوە ئەگەرچی شاعیرە نوێخوازەکان لە لەتە شیعرەکانیاندا کێشی هەمەڕەنگیی ٧ ، ٨ بڕگەیی وتەنانەت ١٠ بڕگەییان لە نێو هەرپارچەشیعرێکیاندا بەدەستەپێی جیاواز دامەزراندووە .. ،بۆکێشی (٨ بڕگەیی)ەکە (پ.د.عیزەددین مستەفا ڕەسوول)[٦] دەستنیشانی ڕەزمەکانی دوو دەستەپێیچواری (٤+٤) دەکات، هەربۆ ئەمە (ڕەفیق سابیر) سەبارەت بەم سێ جۆرە کێشە دەڵێت : ((ئەمە ئەو سێ کێشە بوون کە لەبەر دەستی شاعیرانی نوێخوازەکانی نێوان هەردوو شەڕی جیهانی بوو (گۆران ،پیرەمێرد ،شێخ نوری شێخ ساڵح ) ئەم شاعیرانە ئەم سێ کێشەیان بەزۆری بەکارهێناوە ، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا بۆیەکەمجار چەند کێشێکی نوێیان داهێناوە ، بەتایبەتی ( گۆران ) ، کە بڕگەی کێش وەك هەویر وابوو لەناودەستیدا و چەند کێشی نوێی لێ درووستکردووە )) [٧] ,هەروەها سەبارەت بەم وتەیەی ، کە دەڵێ :( بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا بۆیەکەمجار چەند کێشێکی نوێیان داهێناوە، بەتایبەتی گۆران)، ئێمەش دەڵێین ..بە هێندی ئەو هەوڵانەی گۆران و هاوڕێیەکانیان ، هەریەك لە د.کامران عالی بەدرخان و قەدری جان و عوسمان سەبری هاوزەمەن لەگەڵ ئەو هەوڵانەی هاوەڵەکانیان لە باشووری کوردستان پەیان بەو کێشەنوێیانە بردووە و کاریان تێداکردووە بۆ نموونە کێشی ١١ بڕگەیی(د.دڵشاد عەلی) دەڵێ: (( گۆران ئەم کێشەی بەکێشی ( نەتەوایەتی ) ناوبردووە بەوپێیە یەکێکە لە کێشە هەرەدیارەکانی هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی و کێشی هەڵبەستەکانی زاری گۆران ، بەتایبەتی بێچوەزاری هەورامی ، دیارترین دەستەپێی ئەم کێشەش دەستەپێی (٥+٥)ەو هەندێ جاریش (٦+٤) بەکاردەهێنرێ)) [٨] ،هەر سەبارەت بە کێشی نوێی ١١ برگەییش هەرکام لە (قەدری جان ) بە دوو شیعر بەناوەکانی : (تابووتا ب خوین ) [٩] ، ( جەگەرخوین)[١٠] ینووسیوە (د.کامران عالی بەدرخان ) ٣ سێ پارچە شیعری لەسەر ئەم جۆرە بڕگەیە هەیە بە ناوەکانی :

( کولیلکێن عەزێب )[١١] ، ( هەڤین )[١٢] و (ستراناچیایەکی )[١٣] ..، هەروەها (میرجەلادەت عالی بەدرخان)یش کەلەژێر نازناوی ( هەرەکۆڵ ئازیزان) لەگەڵ (هەڤاڵ شوکری ) ناوێك دوو پارچە شیعریان بەناوەکانی: (تولا باڤان)[١٤] ،(بێرییا بۆتان) [١٥] نووسیوە، ..هەروەها(جگەرخوێن)یش لەسەر هەر ئەوکێشە بەدووپارچە شیعری (شەهناما شەهیدان) [١٦]،(پەندنامە) [١٧] هەنگاوی ناوە و لەپاڵ ئەوانیش هەریەك لە(مشۆ) * و (عوسمان سەبری) هەدووکیان

---

[٦] د.عزالدين مصطفى رسول ، الواقعية في الأدب الكردي ، دارالمكتبة العصرية ،صيدا- بيروت ،١٩٦٦،ص١٩٩ .

[٧] ڕەفیق سابیر، کێش لە شیعری نوێی کوردیدا ، ڕ: بیری نوێ، ژ ٢٠٠،بەغدا،ساڵی پێنجەم،١٩٧٦/٧/١٧،ل٤،٥ .

[٨] د.دڵشاد عەلی ، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ،چ . ڕەنج، سلێمانی ١٩٩٩ ،ل ١٤٠ .

[٩] قەدری جان ، تابووتا ب خوین ، گ/ هاوار، ژ(١١) ، شام ، ١٩٣٢/١١/١٠ ، ل٦ .

[١٠] قەدری جان ، جەگەر خوین ، گ/ هاوار، ژ(١٢) ، شام ، ١٩٣٢/١١/٢٧ ، ل٢ .

[١١] د.کامران عالی بەدرخان ، کولیلکێن عەزێب ، گ/ هاوار ، ژ (١٥) ، شام ، ١٩٣٣/١/٢٣ ،ل٢.

[١٢] د.کامران عالی بەدرخان ، هەڤین ، گ/ هاوار ، ژ (١٥) ، شام ، ١٩٣٣/١/٢٣ ،ل٤ .

[١٣] د.کامران عالی بەدرخان ، سترانا چیایەکی ، گ/ هاوار ، ژ (١٦) ، شام ، ١٩٣٣/٢/١٥ ،ل٦ .

[١٤] هەڤال شوکری ، تولا باڤان ، گ/ هاوار ، ژ (٢٢) ، شام ، ١٩٣٣/٧/١ ،ل٤ .

[١٥] هەرەکۆل ئازیزان ، بێرییا بۆتان ،گ/ هاوار ، ژ (٢٥) ، شام ، ١٩/٤/ ١٩٣٤ ، ل٢ .

[١٦] جەگەر خوین ، شەهناما شەهیدان ، گ/ هاوار ، ژ( ١٩)، شام ، ١٩٣٣/٤/١٧ ،ل٤،٥ .

[١٧] جەگەر خوین ، پەندنامە ، گ/ هاوار ، ژ( ٢٤)، شام ، ١٩٣٤/٤/١ ، ل٧ .

بەدووبەرهەمی خۆیان هەنگاویان لەوبوارە ناوە یەکەمیان بە پارچەشیعری (دەست بۆسی )[18] و دووەمیان بە شیعری ( کەچا شیعریٚ)[19]یە.

دێینە سەر کێشی (١٢بڕگەیی) و ئەم کێشەش لە کتێبەکەی (بنیاتی هەڵبەست)دا دانەرەکەی (د.دڵشاد عەلی ) دەڵێت : ((لەم کێشەدا (هەردی) تەنها دەستنیشانی یەك دەستەپێ دەکات کە (٣+٣+٣ +٣) یە لە شوێنێکی تری باسەکەشیدا بۆ ئەوە دەچێت، کە ئەم کێشە بڕگەییە هەروەك کێشی یانزدەیی وسیانزدە بڕگەیی لە پێشدا گۆران بەکاری هێناوە ..)) [20]،ئێمەش دەڵێین نەك (گۆران) ، بەڵکو (بەختیار زێوەر)یش لەشیعری (وەتەن) [21]دا پەنای بۆ ئەم کێشە بردووە و ئەو شیعرەش بەپێی پێرستی شیعرەکانی لەسەرەتای دیوانەکەیدایەولەوە دەچێت کە شاعیر لەسەرەتای سییەکاندا ئەو بەرهەمەی نووسیبێت!، ، کەواتە سنووری بەکارهێنانی ئەم کێشە چ لە کورمانجیی خواروو چ لەژووروووەکەدا کەم و بەرتەسکبووە ،جا سەبارەت بەم کێشەش لە لێکۆڵینەوەکەماندا تەنیا یەك پارچە شیعرمان بەدی کرد، کەلەسەرئەم کێشە داڕێژرابێت ،ئەویش شیعری (مارشا کەیان) [22]یە ، کە لەلایەن ( جگەر خوێن ) ەوە نووسراوە ،سەبارەت بەکێشی (١٣ ) بڕگەییش ، کە ئەویش کێشێکی دیکەی نوێیە، کە لە تێکستە شیعرییەکانی گۆڤاری ( هاوار ١٩٣٢-١٩٤٣ ) دا دەبینرێت و لەسەردەستی ئەم شاعیرانەو هەندێکی دی داهێنراون و کاریانپێکراوە، لەوانە هەرکام لە (میرجەلادەت ، عوسمان سەبری و جگەر خوین)ن، کە لەسەر ئەم جۆرە کێشە شیعریان داڕشتووە، جەلادەت لەشیعری (تولا کارۆلین )[23]و عوسمان سەبری لە شیعری (مارشا فەلاتیٚ )[24] وجەگەر خوێنیش بۆ جاری دووەم ئەم شیعرەشی هەر بەناوی (پەندنامە)[25] داڕشتووە و ئەوەی یەکەمیان بە کێشی (١١) بڕگەییەکە بوو ، بەڵام ئەمەی دوایی بەکێشی (١٣)بڕگەیی داناوە ، هەرسەبارەت بە کێشی ١٣ بڕگەییش کە ئەمیش یەکێکە لە کێشە بڕگەییە نوێیەکان..دیسانەوە د.دڵشاد عەلی سەبارەت بەم کێشە دەڵێت: (( ئەم کێشەش دیسان یەکێکە لە کێشە دیارەکانی هەڵبەستی هاوچەرخ ودیارترین پیٚ هەڵبەستەکانیش دەستە پێی (٤+٤+٥) بڕگەییە، بەربڵاوی ئەم کێشەش لە هەڵبەستی کوردیدا زیاتر بەو هۆیەوە بووە ، کە دوو پێی ناو ئەو دەستەپیٚ یە پێی چواربڕگەیی یە ،کە بۆ خۆی بەربڵاوترین پیٚ هەڵبەستی کوردیمانە .))[26] و جۆری ئەم کێشەش لە شیعرەکانی گۆڤاری (هاوار) یشدا نموونەی ٣ سیٚ بەرهەمی شیعریی هەن ،کەلەسەر ئەم جۆرە کێشە دانراون، لەوانە پارچە

---

* (مشۆ) ناوی برازای نورەدین زازایە و ئەم نامە شیعرییەی بۆ مامی نووسیوە ، بۆیە لەژێر ناونیشانی شیعرەکەیدا نووسیویەتی :( ژئاپیٚ من نورەدین زازا ) .

[18] مشۆ ، دەست بۆسی ، گ/ هاوار ، ژ(٤١)، شام ،١٩٤٣/٣/١٥ ، ل٧ .

[19] عوسمان سەبری ، کەچا شیعریٚ ، گ/ هاوار ، ژ(٥٦)، شام ،١٩٤٣/٧/١٥ ، ل٥ .

[20] د.دڵشاد عەلی ، سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەڕە .

[21] د. عیزەدین مستەفا ڕەسول – مەحمود زێوەر ، دیوانی بەختیار زێوەر ، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا ،١٩٨٩،ل٦٦ .

[22] جگەرخوین ، مارشا کەیانی ، گ/ هاوار ، ژ(٥٢)، شام ، ٢٠ / ١ /١٩٤٣، ل٤ .

[23] میرجەلادەت عالی بەدرخان، تولا کارۆلین ، گ/ هاوار ، ژ (١٧) ، شام ، ١٩٣٣/٣/٦ ،ل٦،٧ .

[24] عوسمان سەبری ، کەچا شیعریٚ ، گ/ هاوار ، ژ(٥٠)، شام ،١٩٤٢/١٠/١٥ ، ل٧.

[25] جەگەر خوین ، پەندنـامە ، گ/ هاوار ، ژ(٥٢)، شام ، ٢٠ / ١ /١٩٤٣، ل٤ .

[26] د.دڵشاد عەلی ، سەرچاوەی پێشوو،ل١٤١ .

**شیعری : ( تولا كارۆلین ) [٢٧]ی میرجەلادەت عالی بەدرخان و ( مارشا فەلاتیٚ)[٢٨] ی عوسمان سەبری و شیعری دووبارە ناوی (پەندنـامە) [٢٩] كەی جگەرخوێنە..**

**سەبارەت بەكێشی ١٤ چواردەبرگەیی.. جۆری ئەم كێشە لەبنەڕەتدا هەر كێشە ٧ بڕگەییەكەیە و لەپاڵیدا ٧ بڕگەییەكی دیكەی بۆزیاد دەكرێت و ئەمجار دوو دەستەپێی ( ٣+٤ ) (٤+٣) ی دێتەناوەوە و نموونەی ئەم جۆرە كێشەش تارادەیەك پانتاییەكی داگیركردووە، كە لە نێو١٤ چواردە دەقەشیعری گۆڤاری (هاوار – HAWAR) دا بەكارهاتووە ، هەركام لەشاعیران( قەدری جان ) و ( عوسمان سەبری ) بە ٣ شیعر و (جگەرخوێن) و( مستەفا ئەحمەد بۆتی )ش هەریەكەیان بە ٢دوو پارچەشیعر و چەند شاعیرێكی دیكەش هەریەكەیان بە تاكە شیعرێك بەشداربوون .**

**بۆ كێشی ١٥ برگەیی ، د.دڵشاد عەلی..دەڵێت :(( لەڕاستیدا ئەم كێشەی هەڵبەستی كوردی زیاتر هەر كێشە دە بڕگەییەكەیە وپێیەكی پێنج بڕگەیی خراوەتە سەر لەبەر ئەوە دیارترین دەستەپێی ئەم كێشە بریتییە لە ( ٥+٥+٥ ) بڕگەیی ))[٣٠]، نموونەی ئەم جۆرە كێشەش نموونەیان زۆر كەمەو تەنیٚ لە سیٚ بەرهەمی هەریەك لە شاعیران : ( د.كامران بەدرخان ، حسێن ئەمینیٚ پەریخانی و م.أ.بۆتی ) [*] .**

**دواكێشیش كێشی شانزە ١٦ برگەییەكەیەو ئەم جۆرەش لە گۆڤاری (هاوار – HAWAR)دا هەشت بەرهەمی لەسەر داڕێژراوە و نموونەی كەمە لەو گۆڤارە كوردییانەی پێش خۆی و دوای خۆی، كە بەو هێند و بەوجۆرە كێشەپارچە شیعری بڵاوكردبێتەوە ، ئەم كێشەش بەڕای ئەدەبیاتناسان و شارەزایانی ئەدەبی كوردی زێتر لەسەر ئەورایەدان ، كە دووبارەبووەوەی هەر كێشە بنەڕتیی و خۆماڵییەكەی : ( ٨ بڕگەیی )یەكەیە ، ئەوەی جێی باسبێت لەو بەرهەمە شیعرییانەی گرێدراو بەوكێشە جگە لە( د. كامران عالی بەدرخان) و( عوسمان سەبری ) نەبێت،كە خاوەنی ٢دووپارچەشیعرن ، ئیدی لەپاڵ ئەواندا هەریەك لە : ( گۆران ، تاهێر فوئاد ، جگەرخوێن ، ئەحمەد نامی ) بە تاقەشیعرێك لەو جۆرە كێشەدا بەشدارییانكردووە ، لێرەشدا كۆی ئەو بەرهەمە شیعرییانەی كە بەكێشی بڕگەیی بڵاوكرابوونەوە و لە كۆی تێكڕای بەرهەمە شیعرییەكانی گۆڤاری (هاوار– HAWAR ) كە ژمارەیان ١٨٠ بەرهەمە..، دەگاتە ١٢٦ تێكست ، بەمە ئەوەمان بۆ دەستەبەر دەبێت كە گۆڤاری ناوبراو پێشەنگ بووە لەو بوارەدا لەچاو گۆڤارە كوردییەكانی پێش خۆی و لەو ماوەیەی خۆیدا ، كە نێوان ساڵانی (١٩٣٢ – ١٩٤٣)یە و بەو هەنگاوەشی قۆناغی گواستنەوە یان دەتوانین بڵێین هەنگاوەسەرەتاییەكانی شیعری نوێی كوردی پێكاوە ، ئەمەی خوارەوەش خشتەیەكە بۆ جۆریی كێشیی بڕگەیی شیعرەكان :**

---

[٢٧] میرجەلادەت عالی بەدرخان ، تولا كلرۆلین ، گ/ هاوار ، ژ(١٧)، شام ، ٦/٣/ ١٩٣٢ ل٦،٧.

[٢٨] عوسمان سەبری ، مارشا فەلاتیٚ ، گ/ هاوار ، ژ(٥٠)، شام، ١٩٤٢/١٠/١٥ ، ل٧ .

[٢٩] جگەرخوێن ، پەندنـامە ، گ/ هاوار ، ژ(٥٢)، شام، ٢٠/ ١٩٤٣/١ ، ل٤ .

[٣٠] د.دڵشاد عەلی ، سەرچاوەی پێشوو.

[*] سەبارەت بەناوی دووەم،كە (حسێن ئەمینيٍ پەریخانی) یەكێكە لە ناوە خوازراوەكانی (میر جەلادەت عالی بەدرخان ).

لیستی ئەو دەقە شیعرییانەی ، کە بەپێی جۆری کێشە بڕگەییەکان لە گۆڤاری هاواردا جێیانگرتووە:

١) <u>کێشی ٧ بڕگەیی</u> :

| ناوی هەڵبەست | ناوی شاعیــر | جۆر و بابەت | ژ | ل | مێژوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ستوونا زارۆوان ( بوهــار ) | جەلادەت بەدرخان | شیعر بۆ منداڵان | ١ | ٤ | ١٩٣٢/٥/١٥ |
| چقاس دەلالە | قەدری جان | کۆمەڵایەتی | ١ | ٤ | - |
| ئالێ کوردان | جەلادەت | نیشتیمانی | ٥ | ٢ | ٢٠ / ٧ / ١٩٣٢ |
| بەردێلك ژ لۆرییا بەدرخان رە | قەدریجان | لاواندنەوە | ٦ | ٢ | ٨ / ٨ / ١٩٣٢ |
| ژبونا هاوار | جگەر خوێن | پیرۆزنامە | - | ٤ | - |
| برین | د.کامران بەدرخان | ( ڕۆمانتیکی ) نامۆبوون بەرامبەر وێرانبوونی وڵات . | ٧ | ٣ | ١٩٣٢ /٨/٢٥ |
| داوەتە | جەلادەت بەدرخان | نیشتیمانی | ٨ | ٣ | ١٩٣٢ /٩ /١٢ |
| ئەز گوریبا بانگێ تەمە ئاکرێ: ٢٨حزیران١٩٣٢ | مامۆســتا | پیا هەڵدان بەسەر گۆڤاری (هاوار)دا | ٨ | ٤ | - |
| ئالا کوردان | د.کامران بەدرخان | نیشتمانی | ٨ | ٧ | - |
| دلکۆچەرێ | د.کامران بەدرخان | دڵداری | ٩ | ٤ | ١٩٣٢/٩/٣٠ |
| هاوارە | لاوێ فندی | هوشیاری نەتەوەیی | ١٢ | ٦ | ٢٧ / ١١ / ١٩٣٢ |
| پەهیز | د. کامران بەدرخان | وەسفی سرووشت | ١٣ | ٢ Latini | ١٩٣٢ /١٢/١٤ |
| گولێ | - | دڵداری | - | - | - |
| هەنەك | د. کامران بەدرخان | وەسف | ١٤ | ٤ Latini | ٣١ / ١٢ / ١٩٣٢ |
| ژ کرییاران را | جگەر خوێنی کوردی | شیعری میللی تێکەڵ بە عەرەبی | - | ٢ تیپی عەرەبی | - |
| شێر و پلنگ و رۆڤی | - | چیرۆکە شیعری باسنیایی | - | ٨ | - |
| بیرییا وەلێت | مستەفا ئەحمەد بوّتی | نیشتمانپەروەری | ١٥ | ٣ | ٢٣ / ١ / ١٩٣٣ |
| دەلالا چاڤرەش | عەبدولرەحمان فەوزی | دڵداری | ١٥ | ٥ | - |
| کوردستانا بێ دبستان | مستەفا ئەحمەد بوّتی | نیشتمانی | ١٧ | ٣ | ٦ / ٣ / ١٩٣٣ |
| جهابا دایکی | میرجەلادەت بەدرخان | نامەی شیعری بۆ قەدریجان | ١٨ | ٣ | ٢٧ / ٣ / ١٩٣٣ |
| سرحدان | مچۆ ملی | - | ١٩ | ٣ | ١٩٣٣/٤/١٧ |
| جهابا لاوانی ل دییا هاوارێ | قەدری جـان | نامەی شیعری بــۆ گۆڤاری هاوار | ٢٠ | ١١ | ٨ / ٥ / ١٩٣٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بەرخەکێ هاوارێ | حەبەش ئیسماعیل | پێداهەڵدان بەسەر گۆڤاری هاوار | - | ١١ | - |
| سەرخوە بوونا مریشکان | جگەر خوێن | چیرۆکە شیعری میللییانە | - | ١٢ | - |
| ئەز بشورم | أبو عناد | نیشتمانپەروەری | ٢١ | ٧ | ٥ / ٦ / ١٩٣٣ |
| د ێرك | (نەوزاد) نازناوی شاعیر ( قەدری جان)ە | وەسفی شاری (دێرك) ی زێدگای (قەدری جان ) ە . | ٢٤ | - ٦٢٥ | ١ / ٤ / ١٩٣٤ |
| وەلات | سوبحییێ دیاربەکری | نیشتیمانی | ٣٤ | ١٣ ٨٣٧ | ١٩٤١/١٠/١٥ |
| ئەڤـین | عوسمان سەبری مەدەگەشکەر- سانت ماری ١٩٣٦/٢/١٠ | - | ٥٣ | ١١٠٨ | ١٩٤٣/٣/١٥ |
| سەرسالا من ( ژیبرێن رۆژێن کەڤن ) | عوسمان سەبری نامەیەکە بۆ قەدری جان | نیشتیمانی | ٥٤ | ١١١٧ | ١٥ / ٥ / ١٩٤٣ |

٢) کێشی ٨ بڕگەیی :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تۆلا وەلێت شام - ١٩٣١/٧/٧ | جەلادەت بەدرخان | شیعر بۆ منداڵان نیشتمانی | ٢ | ٤ | ١٩٣٢/٦/١ |
| لاڤە لاڤ | د.کامران بەدرخان | پەسنی خودا | ٣ | ٢ | ١٩٣٢/٦/١٥ |
| شەڤا وە خوەش | جەلادەت عالی بەدرخان | منداڵان | ٣ | ٢ | - |
| هشیارنامە | لاوێ فندی | نیشتیمانی | ٨ | ٣ | ١٢ / ٩/ ١٩٣٢ |
| مارشا کوردی | مستەفا ئەحمە دبۆتی | - | ٩ | ٧ | ٣٠ / ٩ / ١٩٣٢ |
| ئاخ کوردستان | شەهید سلێمان بەدرخان | نیشتیمانی | - | ٢ | - |
| زارینەك | جەگەر خوێن | وەسفی کوردستان لە دڵی شاعیرەوە | - | ٨ | - |
| هەیڤ وستێر | د.کامران بەدرخان | وەسف | ١٢ | ٣ | ٢٧ / ١١ / ١٩٣٢ |
| نالەنالا دل | اسماعیل حەبەش | هوشیاری نەتەوەیی | - | - | - |
| خەونا هشیارییێ | قەدری جان | نیشتیمانی | ١٣ | ٢ تیپی عەرەبی | ١٤ / ١٢ / ١٩٣٢ |
| ما ئەم تەنێ | مستەفا ئەحمەد بۆتێ | نامۆبوون بۆ نیشتمان | ١٤ | ٢ تیپی عەرەبی | ٣١ / ١٢ / ١٩٣٢ |
| بەلێ ئەم مان | مستەفا ئەحمەد بۆتی | نامۆبوون بۆ نیشتمان | - | ٧ | - |
| گۆتنا گەور | ئیبراهیم مەلا | - | ١٨ | ٢ | ١٩٣٣/٣/٢٧ |
| وەلات | ئاغاییێ مردێسی (ئەحمەدێ مێردینی) حوسێن حەبەش، (راپەرینا چاندا کوردی ، ل ١١٣ ) | نامۆبوون بۆ ولات | ١٩ | ٢ لاتینی | ١٩/ ٤/ ١٩٣٣ |
| دیلبەر | مستەفا ئەحمەد بۆتێ | دڵداری | ٢٠ | ٢ | ٨ / ٥ / ١٩٣٣ |
| ئاخ و کەسەر | مستەفا ئەحمەد بۆتی | نائومێدی و دەردی میللەت | ٢٢ | ٥ | ١ / ٧ / ١٩٣٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بەردێلك | لاویَ فندی | نامەیەكی شیعرییە بۆ( قەدری جان) سەبارەت بە زۆرداری دوژمنی تورك لەسەر كوردان . | - | ٩ | - |
| ئالا ڕەنگین | جگەر خوێن | سروودی نیشتیمانی | ٢٩ | ٧٣٣ | ١٩٤١/٦/١٠ |
| كی ب یا من دكە | جگەر خوین | نیشتیمانی | - | - | - |
| دبیَ ئەم بین یەك | جگەر خوێن | نیشتیمانی | ٣٠ | ٥<br>٧٥٠ | - |
| هێڤییا مە | صالح بامەڕنی<br>( صالح یوسفی ) بڕوانە:( عبدالصمد أسلام گە – ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا ، ل ٧١ ) | نیشتیمانی | ٣٩ | ٩٢٨ | ١٩٤٢/٢/١٥ |
| دایلان<br>(ژ بیرێن رۆژێن كەڤن ) | عوسمان سەبری | دڵداری | ٥٥ | ل٤<br>١١٢٦ | ١٩٤٣/٦/١٥ |

**٣ ) كێشی ١٠ بڕگەیی :**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| خاترخازییا مەمیَ | د. كامران بەدرخان | ناوەڕۆكێكی فۆلكلۆری | ١ | ٤ | ١٩٣٢ / ٥ / ١٥ |
| دەلالییا زارۆوان | ئەمین عالی بەدرخان | لایە لایە | ٥ | ٤ | ١٩٣٢ / ٧ / ٢٠ |
| پەسنا دێركیَ | جگەر خوێنیَ كوردی | نامە بۆ قەدریجان | ٥ | ٧ | - |
| بەردێلك<br>ژ لۆرییا بەدرخان رە | قەدریجان | لاواندنەوە | ٦ | ٢ | ١٩٣٢/٨/٨ |
| گولبانكیَ هشیاریَ | مەلا عەلی | نیشتیمانی | - | ٤ | - |
| زنینەخەو<br>ع | پیرۆت | نیشتیمانی | ٩ | ٣ | ١٩٣٢ / ٩ / ٣٠ |
| الهامی هاوار | گۆران | - | ١٠ | ٥ | ١٩٣٢ / ١٠ / ٢٣ |
| زمانیَ من | د. كامران بەدرخان | - | ١١ | ٢ | ١٩٣٢/١١/١٠ |
| گازی | عەبدولرەحمان فەوزی<br>سەرەك عەشیرەتی ژیلیان | نیشتیمانی | ١٢ | ٣ | ١٩٣٢ / ١١ / ٢٧ |
| لەبۆ شەهیدەكی | ئەحمەد نامی | پەخشانێك<br>ونامەیەكی شیعری | - | ٥ | - |
| زار ودلین | جەگەر خوین | نیشتیمانی | ١٣ | ٥ | ١٩٣٢ / ١٢ / ١٤ |
| كولا دل | عەبدولرەحمان فەوزی | نامۆبوون بۆ وڵات | ١٣ | - | - |
| سكالاَ لە تەك گردی سەیواندا | هێمن | لاواندنەوە | ١٤ | ٨ | ١٩٣٢ / ١٢ / ٣١ |
| دەست ژیَ بوو | (نەوزاد) : قەدریجان | دڵداری | ١٦ | ٤ | ١٩٣٣/٢/١٥ |
| رۆژا نوو | د.كامران بەدرخان | نیشتیمانی | ١٨ | ٨ | ١٩٣٣ / ٣ / ٢٧ |
| وەلاتیَ كوردان | ع.حەسسەن | نیشتمانپەروەری | - | - | - |
| شیعرێكی بیَ ناونیشان | ( م ... ) | نیشتیمانی | ١٩ | ٦،٧ | ١٩٣٣ / ٤ /١٧ |
| لاڤە لاڤ | عوسمان سەبری | نامۆبوون بۆ وڵات | ٢٠ | ٣،٤،٥ | ١٩٣٣/٥/٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| داستان : ( فرمانا کوردان ) ( ژجگەرخوینێ جگرخوین رە) | رەمۆیێ قەنجۆ | = | ٢١ | ٧،٨ | ٥ / ٦ / ١٩٣٣ |
| وەفدی کوردستان | پیرەمێرد | ریالیستی رەخنەگرانە ( نیشتیمانی ) | ٢٢ | ٤ | ١ / ٧ / ١٩٣٣ |
| (لە بۆ جڤاتا میللەتان) نامەیەکی شیعری بۆ (عصبە الأمم ) | سەلام | ریالیزمی رەخنەگرانی | = | ٧ | = |
| ( هەی دنیا فانی) | قەدری جان لەژێرناوی (نەوزاد)دا | نائومێدی | = | = | = |
| خوە ناس بکن | ب. فەرەیدون | نیشتیمانی.. گەڕنەوە بۆ مێژووی نەتەوە | ٢٣ | ٩ | ١٩٣٠/٧/٢٠ |
| خەونامەواری | مستەفا ئەحمەد بۆتی | بەرگری بەوێنەی شیعری | ٢٤ | ٩ | ١ / ٤ / ١٩٣٤ |
| شینا: شیخ عەبدولرەحمانی گارسی | ب . فەرەیدون | لاواندنەوە بەسەر گارسی | ٢٥ | ٥ ٦٥٣ | ١٩ / ٤ / ١٩٣٤ |
| ب یەك بن | د . کامران بەدرخان | نیشتیمانی | ٢٨ | ٧ ٧١١ | ١٥ / ٥ / ١٩٤١ |
| دلژانییا حاجۆ ئاغا | ئەحمەدێ نامی | لاواندنەوە | ٣٠ | ٥ ٧٤٩ | ١٩٤١/٧/١ |
| سکالاَی پۆڕ و کەو | بەنگینە | چیرۆکە شیعری باسنیایی | = | ل١٠ ١٠٢٨ | = |
| مارشا جانبێزاران | عوسمان سەبری | نیشتیمانی | ٤٩ | ١٠٦٢ | ١٩٤٢/٩/١٥ |
| بەیداخی کورد پێشکەش بە گەنج ولاوان | ئە . شێرکـۆ | نیشتیمانی | ٥٣ | ١١١٠ | ١٥ / ٣ / ١٩٤٣ |
| پێشکەڤن – بارێ گران لسەر ملێ خۆرتانە– | جەگەر خوین | = | ٥٤ | ١١١٦ | ١٥ / ٥/ ١٩٤٣ |
| هەوارە | صالح بـامەڕنی ( صالح یوسفی ) | = | ٥٥ | ١١٢٨ | ١٥ / ٦ / ١٩٤٣ |

٤) **کێشی ١١ بڕگەیی** :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تابووتا بخوین | قەدری جان | لاواندنەوە بۆ گارسی | ١١ | ٦ | ١٠ / ١١ / ١٩٣٢ |
| جەگەر خوین | قەدری جان | نامەی شیعری | ١٢ | ٢ | ١٩٣٢/١١/٢٧ |
| کولیلکێن عەزێب | د. کامران عالی بەدرخان | دڵداری | ١٥ | ٢ | ١٩٣٣/١/٢٣ |
| هەڤین | = | = | ١٥ | ٤ | = |
| سترانا چیایەکی | د.کامران عالی بەدرخان | نیشتمانی | ١٦ | ٦ | ١٥ / ٢ / ١٩٣٣ |
| شەهناما شەهیدان | جگەر خوێنی کوردی | = | ١٩ | ٤،٥ | ١٧ / ٤ / ١٩٣٣ |
| تولا باڤان | هەڤال شکری | = | ٢٢ | ٤ | ١/ ٧/ ١٩٣٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پەندنـامە | جەگەر خوێن | نیشتیمانی | ٢٤ | ٧<br>٦٣٥ | ١ /٤/ ١٩٣٤ |
| بێرییا بۆتان | هەرەکۆڵ ئازیزان<br>(میرجەلادەت عالی بەدرخان ) | لاواندنەوە بۆ<br>( گارسی) | ٢٥ | ٢ | ١٩٣٤/٤/١٩ |
| دەست بۆسی<br>(ژ ئاپێ من نورەدین رە ) | مشـۆ | نامەیەکی شیعرییە لە<br>برازایەکی د.نورەدین زازا | ٤١ | ٩٥٩ | ١٥ / ٣ / ١٩٤٣ |
| کەچا شیعرێ<br>(ژ بیرێن رۆژێن کەڤن) | عوسمان سەبری | دڵداری | ٥٦ | ل٥<br>١١٣٥ | ١٥ /٧/ ١٩٤٣ |

٥) **کێشی ١٢ بڕگەیی** :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| مارشا کەیانی | جەگەر خوین | هوشیاریی<br>نەتەوەیی | ٥٢ | ١٠٩٨ | ٢٠ / ١ / ١٩٤٣ |

٦) **کێشی ١٣ بڕگەیی** :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تولا کارۆلین | میرجەلادەت عالی بەدرخان | نیشتمانپەروەری<br>(چیرۆکە شیعر) | ١٧ | ٦٠٧ | ٦ / ٣ / ١٩٣٣ |
| مارشا فەلاتێ<br>شام ٢٨تیرمەهێ ١٩٣٨ | عوسمان سەبری | نیشتیمانی | ٥٠ | ١٠٧٧ | ١٥ /١٠/١٩٤٢ |
| پەند نـامە | جەگەر خوین | هوشیاربوونی<br>نەتەوەیی | ٥٢ | ١٠٩٤ | ١٩٤٣ /١/٢٠ |
| خانمەکە جوان | جەگەر خوین | دڵداری | = | ١١٠١ | = |

٧) **کێشی ١٤ بڕگەیی** :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هەسنکەر<br>( چیرۆکە شیعر ) | قەدریجان | چینایەتی | ٧ | ٤ | ٢٥ / ٨ / ١٩٣٢ |
| دشۆرەزارەکیدا<br>( چیرۆکە شیعر ) | قەدری جان | نامۆبوون لە وڵات | ١٠ | ٤،٥ | ٢٣ / ١٠ / ١٩٣٢ |
| هەی وەتەن | خدۆك<br>( حسین حوزنی موکریانی ) | نیشتیمانی | = | ٤ | = |
| دادێ | قەدری جان | پیاهەڵدان بەسەر<br>گۆڤاری هاوار دا | ١٤ | ٣<br>Latini | ٣١/ ١٢ / ١٩٣٢ |
| کانی ئاخا کوردان | مستەفا ئەحمەد بۆتی | نیشتمانی | ١٦ | ٢ | ١٥ / ٢ / ١٩٣٣ |
| ڕەڤاندن | د.کامران عالی بەدرخان | ئازادیی ژن<br>ودڵداری و<br>خواستە کپکراوە<br>سێکسییەکانکان | ٢٠ | ٥ | ٨ / ٥ / ١٩٣٣ |
| دلمەستی | ئەڤین جیوەلەك | بادەنۆشی/عەشق | ٢٣ | ٥ | ٢٠ / ٧ / ١٩٣٣ |
| زۆزانێن بێلی<br>ژ.وەلاتۆرە | لاووت | بەسەر سروشتی<br>وڵاتدا | ٢٦ | ٦<br>٦٧٢ | ١٨ / ٨ / ١٩٣٥ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| وەلاتێ تریڤریان | عوسمان سەبری | تەنز / چیرۆکە<br>شیعری باسنیایی<br>(ئاژەڵان ) | ٢٨ | ٦<br>٧١٠ | ١٩٤١/٥/١٥ |
| سەرخوەبوونا مووریان | جەگەر خوین | چیرۆکە شیعر<br>لەسەر<br>( پێغەمبەر:سلێمان<br>) | ٣٩ | ٩٣٦ | ١٩٤٢/٢/١٥ |
| چیایێ   جودی | م ، ا ، بۆتی | نیشتمانپەروەری | ٤٥ | ل٦<br>١٠٢٤ | ١٩٤٢/٦/٢٠ |
| شیعرێن زارۆکان | عوسمان  سەبری | ٢ دوو پارچە<br>شیعری<br>فێرکاری :<br>–دبستان ٢–<br>تەڤدیرا مشکان<br>ج | ٤٩ | ١٠٦٥ | ١٩٤٢ / ٩ / ١٥ |
| رۆڤیێ کەر | عوسمان  سەبری | چیرۆکە شیعر<br>بۆ مناڵان | ٥٢ | ١١٠٠<br>١١٠١ | ١٩٤٣ / ١ / ٢٠ |
| ئەز ویار | جەگەر  خوێن | دڵداری | ٥٧ | ل٦<br>١١٤٤ | ١٩٤٣ / ٨ / ١٥ |

٨)  **کێشی ١٥ بڕگەیی**  :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ما چمان دچی | د.کامران بەدرخان | نامەی شیعری بۆ<br>: (ئەکرەم بەگ) | ٣ | ٥ | ١٩٣٢ / ٦ / ١٥ |
| حەیات | حسین ئەمینێ پەریخانی | کۆمەڵایەتی | ٥٢ | ١٠٩٧<br>٧ | ١٩٤٣ / ١ / ٢٠ |
| فەریـــاد | م. أ . بۆتی | نیشتیمانی | ٥٧ | ل٧<br>١١٤٥ | ١٩٤٣ / ٨ / ١٥ |

٩)  **کێشی ١٦ بڕگەیی**  :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هشیاری | د.کامران بەدرخان | هوشیارکردنەوەی<br>گەل | ١٠ | ٣ | ١٩٣٢/١٠/ ٢٣ |
| مەشهەدا عیبرەتێ | د.کامران بەدرخان | = | ١١ | ٢ | ١٩٣٢ / ١١ / ١٠ |
| ئەی<br>گەلاوێژ | گۆران | رۆمانتیکی | ١٢ | ٣ | ١٩٣٢ / ١١ / ٢٧ |
| خەیاڵ | تاهێر  فوئاد | کۆمەڵایەتی | = | ٤ | = |
| شیعرێن<br>زارۆکان | عوسمان  سەبری | پارچە شیعری<br>فێرکاری :<br>(  بهـــار ) | ٤٩ | ١٠٦٥ | ١٩٤٢ / ٩ / ١٥ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سلاڤ ل سفره حازره | له دیوانی : (جەگەر خوین ) | ریالیستیی رەخنەییە لە ئاغا دەرەبەگ و شێخ | ٥١ | ١٠٨٢ | ١٩٤٢/١١/١٥ |
| جەژنە پیرۆزییا وەلاتێ (ژ بیرێن رۆژێن کەڤن ) | عوسمان سەبری | نیشتیمانی | ٥٤ | ١١١٦ | ١٥ / ٥ / ١٩٤٣ |
| دلژارێ غەمگین | ئەحمەد نامی ( غەمگین ) | هۆشیاریی نەتەوەیی | ٥٥ | ١١٢٨ | ١٥ / ٦ / ١٩٤٣ |
| یـارەب | جەگەرخوین | پارانەوەلە خودا ( نائومێدی ) | ٥٧ | ل٤ ١١٤٢ | ١٩٤٣/٨/١٥ |

**کێشی هەمە ڕەنگیی بڕگەیی له شیعری مەسنەوی و بەندە قاڵبییەکاندا :**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لاڤه لاڤ | د.کامران بەدرخان | پەسنی خودا | ٣ | ٢ | ١٩٣٢/٦/١٥ | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی هەمە ڕەنگی ٨ هەشت بڕگەیی و ١٠ بڕگەیی و بەدەستەپێی خۆماڵی کوردیی ٥+٥ وجیاوازی (٤+٣+٣)، وەلێ (د.عبدالصمد أسلام گە ) دەیباتەوە بۆ کێشی عەرووزی گرێدراو بە بەحری هەزەجی چواری تەواو : (مفاعیلن مفاعیلن ) × ٢ و سەرواقاڵبەکەشی لەسەر ١٠دە بەیتی مەسنەوی داڕێژراوە . |
| شەهیدی گەورە | مستەفا ئەحمەد بۆتێ | لاواندنەوە بۆ شێخ عەبدورەحمانی گارسیی شەهید | = | ٥ | = | کێشەکەی بڕگەیی هەمەڕەنگ و قاڵبە سەرەوای پارچەکەش بریتییە لە ٦ شەش کۆپلەی چوارینەی تەواو : AAAA ,BBBB,CCCC,DDDD,EEEE,FFFF ) ( |
| دڕی شەهسوارع | ئەسیری | پێدا هەڵدان بەسەر هاوار | ١٤ | ٧ | ١٩٣٢/١٢/٣١ | ئەم پارچەیە غەزەلە وکێشەکەشی کێشی هەمەڕەنگی بڕگەیی تێدا بەکارهاتووە ، بەجۆرێك ، کە لە بەیتی یەکەمی شیعرەکەدا کێشی (١٣بڕگەیی ) بە رەزمی ( ٤+٤+٥ ) و لەتەواوی بەیتەکانی پارچەکەش کێشی خۆماڵیی (١٠بڕگەیی ) بەرەزمی (٥+٥)بەکارهاتووە و سەروای دووەم لەتی بەیتەکانی غەزەلەکەش (ار)ە . |

**کێشی هەمەڕەنگ وشیعری ئازاد :**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هاواره | بوزان شاهێن | نیشتیمانی | ٦ | ٣ | = | شیعری سەربەست و کێشی هەمەڕەنگ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کوردستان | = | نیشتمانی | ٩ | ٤ | = | ئەم پارچەشیعرە دەچێتە ریزی شیعری نوێ و سەربەستەوە و لەوێدا شاعیر بە کێش و رەزمی جیاواز و سەروای هەمە رەنگ و لە قاڵبێکی شەشەینەی جۆری شیعری سەربەستدا و بەزمانێکی پاراو و جوان و کوردییەکی رەوان شیعرەکەی داڕشتووە و تەواوی پارچەکەش بریتییە لە ٧ حەوت بەندە شەشینەی سەربەست و ریزبەندیی سەروای ئەم پارچەیەش بەم شێوەیە: (aaBccB/ddEffE/ggHiiH/jjKllK/ mmNooN/ppQrrQ/ssTuuT). چنینی ئەم تێکستە لە رووی (فۆرم)ەوە تا رادەیەك لەو دەقە شیعرییەی گۆران دەچێت ، کە هەر لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەدا بلاوکراوەتەوە ، کە بە ناوی ( ئاواتی دووری )یەوەیە. |
| بلوورا من | سەیدایێ گەرۆك | دڵداری | ٣٢ | ٨٧٣ | = | ئەم پارچە شیعرە لەسەر بنەمای شیعری سەربەست و بە زمانێکی کوردیی پاراو داڕێژراوە ، سەرتاپای شیعرەکەش بریتییە لە ٦ شەش کۆپلەی هەمەڕەنگ . |

**ب / کێشی عەرووزی** :

لەدوای ئەوەی بۆمان دەرکەوت ، کە زۆرینەی بەرهەمەشیعرییەکانی گۆڤاری (هاوار– HAWAR ) سەر بە بەکێشە پڕگەییەکە بووە ، لەبەرابەردا و نزیکەی سێیەکی ئەو هێندەش بەربە کێشە عەرووزییەکە کەوتووە ، لە بەحرەکانی ئەم کێشەشدا ...جۆرەکانی بەحری (هەزەج) پانتاییەکی فراوانی لە شیعرە عەرووزییەکانی گۆڤاری (هاوار– HAWAR ) پڕکردووەتەوە ،و لێرەدا ریزبەندییەك بەپێی چەندیی بەرهەمە شیعرییەکان دەخەینەڕوو :

١– هەزەجی شەشی مەحزووف ( ٥ شیعر):

( گۆتنا وەلات ، وەلات و دلێ من ، وەلاتێ من ، کووی گەلان، جەنگا جانی )

٢– هەزەجی هەشتی تەواو(٤ شیعر) :

( ئەی گەلاوێژ ، خەیاڵ ، بۆ خاوەن هاوار ، بۆ خاوەنی هاوار )

٣– هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور (٤ شیعر):

(بۆخانمێك ، ژکتێبا هاوارێ ، دەردێن جگەرخوێن ، گۆتنا ڕاست )

٤– هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف (٣شیعر) :

( ئەی دل ، ئەزودلبەر ، هێڤیيا نوه )

**٥- هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور ( ٢شیعر ) :**

**( یەکبوونا یەکێتییا کوردان ، وەلاتێ کوردان )**

**٦- هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزووف (٣ شیعر ):**

**( خـانی ، ژخانی را )**

**٧- هەزەجی چواری تەواو( ٢شیعر ) :**

**( لاڤەلاڤ * ، دیلبەر )**

**٨- هەزەجی شەشی مەقسوور ( ١شیعر ):**

**( داخوازینامە )**

**٩- رەمەڵی هەشتی مەحزووف ( ٧شیعر ):**

**( ولاتی کوردان ، کوردەواری ، بەردێلك ، یادی وەتەن ، مارشا خۆرتان ، مارشا رێچەناسان ، هۆ جگەرخوێن )**

**١٠- رەمەڵی هەشتی مەقسوور (٤ شیعر ):**

**( ما چما دچی ، شین و پەسنا زینێ ، هەربژی ، ئاوایێ ئەڤینێ )**

**١١- رەجەزی هەشتی تەواو (٢ شیعر ) :**

**( پیرۆزییا جەژنێ ، سلاڤ ل سفرە حازرە )**

**١٢- رەجەزی چواری تەواو( ١شیعر ) :**

**( بەیتا کەوێ )**

**١٣- بەسیتی هەشتی مەتوی ( ١شیعر ):**

**( هـالان )**

**١٤- موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف ( ١شیعر ):**

**( ئاواتی دووری )**

**ج/ <u>کێشی هەمەرەنگی</u> :**

---

* تویژەر ( عبدالصمد اسلام طه ) بەو جۆرە کێشە لێی دەڕوانێت ، لێ بە دیتنی ئێمە شاعیر هەمەرەنگی لە کێشە برگەییەکەدا بەکارهێناوە .

لەهەندێ لە شیعرەکانی هاواردا چەند شێوە کێشێکی هەمەڕەنگی دەبینین ، کە هەیانە شیعرەکەی بەکارهێنانی هەردوو جۆر لە کێشە سەرەکییەکەی شیعری کوردی ( عەرووزی – بڕگەیی) داڕشتووە وەك شیعرەکەی ( ئاواتی دووری )[٣١] یەکەی ( گۆران )، .. ئەمەو هەربۆخۆی پێی لەوراستییە ناوەو لەکۆتایی پارچەکەدا سەبارەت بەم تێکەڵکردنە کورتەڕوونکردنەوەیەکی داوە . جۆرێکی دی لەبەکارهێنانی کێش....، هەمەڕەنگییە لە بەکارهێنانی چەند جۆرەکێشێکی بڕگەیی ،نموونەش بۆ ئەمە قاڵبە چوارینە شیعری ( شەهیدی گەورە) [٣٢]یە ، هەروەها بەکارهێنانی هەمان کێشی هەمەڕەنگیی بڕگەیی هەرسێ دەقە( شیعری ئازاد)ی: ( کوردستان) [٣٣]

( هاوارە)[٣٤] و( بلوورا من) [٣٥*]ە .

<u>بەشی دووەم</u> :

– سەروا و قاڵبە شیعرییەکان :

بەوردبوونەوە بە نێو تەواوی بەرهەمە شیعرییەکانی : ( گۆڤاری هاوار – HAWAR ) ، ئەوڕاستییەمان بۆدەردەکەوێت ، کە پرۆسەی شیعریی کوردیمان بە هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکە (کورمانجیی ژووروو و ناوەڕاست ) وچ ئەو بڵاوکراوانەی هاوزەمان و پێش و پاش ( گۆڤاری هاوار ١٩٣٢/١٩٤٣– HAWAR ) چ لە باشوور لە نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکە و چ ئەوانەی (شام ) ، کە لەساڵەکانی:( ١٩٣٢ – ١٩٤٦) کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەدەبی فارسی و تورکی و بیانییەکان بەگشتی و هەردوو ئەدەبی ئینگلیزی و فەرەنسییەکە بەتایبەت، کە تاڕادەیەك کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبووە بەسەر ئەدەبی گەلانی دەوروبەر لەوانەش ئەدەبی نوێی کوردیمان بوو، سەبارەت بە کاری کاریگەربوون لە ئەفراندن و لەدایکبوونی شیعروشاکارە شیعرییەکانی سەدەی پێشوو ، (عومەر مارف بەرزنجی)ی نووسەر دەڵێت : ( بەرهەمە دانسقە و شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی دەبنە تیشکێکی بەرچاو و ڕوون و بەردەوام سنوری نەتەوە دەبڕن ، دەبنە مایەی زاخاودانەوەی هەست و دەروونی کەسانی ئەودیو سنوور و بەچەشنی هەوێنێکی بێگەرد ئاوێتەی بەرهەمەکان دەکرێن )[٣٦] ، کەواتە دەکرێت بڵێین ، کە هیچ ئەدەبێك لە جیهاندا بێ کاریگەر بوون بە ئەدەبێکی دییەوە گەشەی نەکردووەونایکات، هەڵبەت بۆ ئەودەم شاعیرانی لای ئێمە لە باشووری کوردستان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەربوون بە ئەدەبی ئەورووپی بەگشتی و ئەدەبە ڕۆژهەڵاتییەکە ( فارسی و تورکی وعەرەبی ) یەکە بەتایبەت .، لەو بوارەشدا قاڵبە شیعرییەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ کەوتبوونە ژێرکاریگەریی ئەدەبە ئەورووپی و رۆژهەڵاتییەکەوە هەرلە جۆرەکانی قاڵبە کلاسیکیی و سەرواکانیانەوە تا شیعرە سەربەستەکان...، دیارە رەسەنی و کۆنیی ئەدەبی شیعرییمان ، ئەو

[٣١] گۆران ، ئاواتی دووری ، گ / هاوار ، ژ ٩ ، شام ، ٣٠ / ٩ /١٩٣٩ ،ل٥ .

[٣٢] مستەفا ئەحمەد بۆتی، شەهیدی گەورە ، هاوار ، ژ ١١ ، شام ، ١٠ /١١/ ١٩٣٢ ، ل٥ .

[٣٣] د.کامران عالی بەدرخان ، کوردستان ، هاوار ، ژ ٩ ، شام ، ٣٠ /٩/ ١٩٣٢ ، ل٤ .

[٣٤] بوزان شاهێن ، هاوارە ، هاوار ، ژ ١٢ ، شام ، ٢٧ /١١/ ١٩٣٢ ، ل٦ .

[٣٥]سەیدایێ گەڕۆك ، بلوورا من ، هاوار ، ژ ٣٢ ، شام ، ١ / ٩ / ١٩٤١ ، ل١٤.

* ئەم ناوەی سەرەوە( سەیدایێ گەڕۆك ) هی( میرجەلادەت عالی بەدرخان)ە..بڕوانە:(( حوسێن حەبەش–نامەی دکتۆرا ، راپەرینا چاندا کوردی د کۆڤارا هاوارێ دە ، بۆن ، ١٩٩٦ ،لاتینی، ل١٦٤.

[٣٦] گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی ، عومەر مارف بەرزنجی ، چ . شڤان ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ ، ل٢١ .

حەقەمان پێدەدات ، کە بتوانین بڵێین کوردیش لە کۆندا خاوەنی جۆرێك لە هونەریی شیعریی خۆی بووە و شیعرە دووبەیتییەکانی ( بابا تاهیری هەمەدانی) بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەوراستییەن، سەبارەت بەم تەوەرەش و تیشکخستنە سەر سەروا و قاڵبی بەرهەمە شیعرییەکانی ( گۆڤاری هاوار ١٩٣٢/١٩٤٣- HAWAR ) ,و لەدوای توێژینەوەکەمان گەیشتینە ئەوەی قاڵبە سەروای تەواوی بەرهەمە شیعرییەکانی گۆڤارەکە بەپێی جۆرەکانیان و هێندیی ژمارەی تێکستەکان لەزۆرەوە بۆ کەمترینیان بخەینەڕوو ، لەم نێوەشدا بۆماندەرکەوتووە ، کە ژمارەی ئەو شیعرانەی بە قاڵبەسەروای مەسنەوی نووسراون خانەی یەکەم وەردەگرێت ، و ژمارەشیان دەگاتە (٦١) پارچە شیعر، بەدوای ئەویشدا جۆری قاڵبەسەروای چوارینە دێت ، کە وەك دیاردەیەکی زەق هەر لەیەکەم ژمارەی گۆڤارەکەوە بە پارچەشیعری (چقاس دەلالە )ەوە تا دوا بەرهەمەشیعرییی دواژمارە، کە ژمارە (٥٧)ەوبەناوی ( فەریاد) سەروا قاڵبی چوارینە شوێنی گرتووە وکۆی ئەو بەرهەمانەش دەگاتە (٤٩) پارچە و بەدوای ئەویش قاڵبەسەروای ستوونی ( قەسیدە – غەزەل – مووەششەح ) دێت ، بەدوای ئەمانیش جۆری قاڵبەسەروای پێنجیە وپاشان قاڵبەسەروای سەروای هەمەڕەنگ وشیعری ئازاد دێت بەدوای ئەویش قاڵبەسەروای شەشینە وئینجا سێیینە و پاشان هەریەك لە جۆرە قاڵبەسەرواکانی موستەزاد وهەشتینە و دەیینەو دوانزەیینە بە چەندشیعرێك جێدەگرن ، بۆ ئاسانکردن و دووبارەنەکردنەوەی پەراوێزیی سەرچاوەیی ، تەنێ ئەو ژمارانە دەخەینە سەر شیعرەکان ، کە لە ریزبەندیی ژمارەیی ((خشتەی کێش و سەروای دەقە شیعرییەکانی گۆڤاری هاوار ١٩٣٢/ ١٩٤٣- HAWAR ))، دا هەیانە،چونکە لەنێو خانەکانی خشتەکەدا بۆهەر پارچەشیعرێك سەرچاوەی ژمارەکانی ( گۆڤاری هاوار ١٩٣٢/١٩٤٣- HAWAR )مان بە مێژوو و ژمارەی لاپەڕەکانیانەوە خستووەتەڕوو :

١- مەسنەوی :

( خاترخازییا مەمێ ٢ ، تولا وەلێت٤ ، خانی٥ , لاڤەلاڤ٧، شەڤا وە خوەش٩ ، یەکبوونا یەکێتیا کوردی١٠ ، گۆتنا وەلات١١ ، شین وپەسنا زینێ١٢ ، پەسنا دێرکێ١٥ ، وەلاتێ کوردان٢٠ ، گولبانکێ هشیارییێ٢٢ ، برین٢٣ ، هەسنکەر٢٤ ، کولادل٣٥ ، چەند پەند٣٧ ، داخوازینامە٣٩ ، هشیارییێ٤١ ، دشۆرەزارەکیدە٤٢ ، الهامی هاوار٤٦ ، زمانێ من٤٧ ، مەشهەدا عیبرەتێ٤٨، ئەی گەلاوێژ٥٨ ، لەبۆشەهیدەکی٦٠، وەلات ودلێ من٧٢، کولیلکێن عەزێب٨٥ ، هەڤین٨٦ ، بیرییا وەلێت٨٧ ، دەست ژێ بوو٩١ ، سترانا چیایەکی٩٣ ، تولا کارۆلین٩٦ ، گۆتنا گەور٩٨ ، جهابا دایکی٩٩ ، شەهناما شەهیدان١٠٠ ، رۆژا نوو١٠١ ، وەلاتێ کوردان١٠٢ ، لاڤەلاڤ١٠٦ ،رەڤاندن١٠٧ ، بەرخەکێ هاوارێ١١٠ ، سەرخوەبوونا مریشکان١١١ ، وەفدی کوردستان١١٨ ، ئاخ و کەسەر١٢٠ ، خوەناس بکن١٢٤ ، پەندنامە١٢٦ ، خەونامەواری١٢٨ ، بێرییا بۆتان١٢٩ ، شینا عەبولرەحمان گارسی١٣١ ، مارشا خۆرتان١٣٥، وەلاتێ تریڤرییان١٣٦ ، مارشا رێچەناسان١٣٩ ، دلژارییا حەجۆ ئاغا١٤٢ ، سەرخۆبوونا مووریان١٥٣ ، دەست بۆسی١٥٥ ، چیایێ جودی١٥٧ ، سکالای پۆروکەو١٥٨ ،شیعرێن زارۆکان:(دبستان – بهار- تەڤدیرا مشکان)١٦٠ ،مارشا فەلاتێ١٦١ ، حەیات١٦٥، رۆڤیێ کەر١٦٨، بەیداخێ کورد١٧١، جەژنا پیرۆزییا وەلاتۆ١٧٣ ، کەچا شیعرێ١٧٨) .

٢- چوارینە :

( چقاس دەلالە٣ ، بەردێلك٦ ، ماچمان دچی٨ ، ئالێ کوردان١٣ ، دەلالییا زارۆوان١٤ ، بەردێلك١٧، ژبونا

هاوار٢١ ، سترانا دلان٢٦ ، هشيارنامه٢٩ ، زنينه خەو٣٦ ، مارشا كوردى٤٠ ، شەهيدێ گەوره٥٠، تابووتا بخوين٥١ ، زارينەك٥٢ ، جەگەرخوين٥٣ ، گازى٥٥ ، زيارەتا هاوارێ٦١ ، هاوارە٦٢ ، گولێ٦٦، خەونا هشياريێ٦٧، دادێ٧٣ ، هەنەك٧٤ ، ژكرييان را ٧٥ ، بەلێ ئەم مان٧٩ ، خەمێ ظالم٨١ ، هاوار٨٤ ، سەرحەدان١٠٣ ، شيعرێكى بێ ناونيشان١٠٤ ، جهابا لاوانى ل دييا هاوارێ١٠٨ ، ديلبەر١١٢ ، فرمانا كوردان١١٦ ، هەى دنيا فانى١٢٢ ، بەردێلك١٢٣ ، دلمەستى١٢٥ ، دێرك١٢٧ ، زۆزانێن بێلى ژوەلاتۆ رە١٣٣ ، كى ب يا من دكە١٤١، دڤێ ئەم بن يەك١٤٣ ، وەلات١٤٩ ، پيرۆزبيا جەژنێ ژخوەيێ١٦٢ ، سلاڤ ل سفره حازره١٦٣ ، ئەڤين١٧٠ ، پێشكەڤن١٧٢ ، سەرسالا من١٧٤ ، دايلان١٧٥ ، دلژارێ غەمگين١٧٦ ، هەواره١٧٧ ، ئەزويار١٨١ ، فەرياد١٨٢ ) .

٣- <u>سەرواى ستوونى</u> ( قەسيده-غەزەل-موەششەح):

ا/ <u>قەسيده</u> : ( ولآتى كوردان١٦ ، بەردێلك٤٤ ، سنوور٤٩ ، خەيالێ٥٩ ، هەربژى٦٤ ، گۆتنا ڕاست٦٨ ، ما ئەم تەنێ٧٦ ، بۆخاوەن هاوار٧٧ ، وەلات١٠٥ ، وەلاتێ من١٣٢ ، دەردێن جەگەرخوين١٣٤ ، بەيتاكەوێ١٦٦ ) .

ب/ <u>غەزەل</u> :(كوردەوارى١٩، يادى وەتەن٥٧،ئەى دلێ٦٩، هۆ جگەرخوێن٧٨، دڕى شەهسوار٨٠، بۆخانمێك٩٠ ، ژكتێبا گۆرانى٩٧ ، پەيامەكا جگەرخوين ژعوسمان سەبرى رە١١٤ ، دنيا تارى١٤٤ ، دلژاريیەك٥٢ ، ئاگاهييەك١٤٦ ، خەباتا هاوارێ١٤٨،جەنگا جانى١٥٠ ، هالان١٥١ ، ئاوايێ ئەڤينێ١٥٦ ، خانمەكا جوان١٦٩ ، يارەب١٧٩ ) .

ج/ <u>مووەششەح</u> : ( ئەى فەجر ٢٥ ، ئالارەنگين ١٤٠ ) .

٤- <u>پێنجينه</u> :

( ئەز گۆرييا بانگێ تەمە٣٠ ، هەى وەتەن٤٥ ، هەيڤ و ستێر٥٤ ، نالەنالا دل٦٣ ، ئەز بشوورم ١١٥ ، بۆخاوەنى هاوار١١٧ ، تولا باڤان١١٩ ، هێڤيیا مە١٥٢ ، پەندنـامە١٦٤ ) .

٥- <u>شەشينه</u> :( بوهار١ ، ئالا كوردان٣٢ ، دلكۆچەرێ٣٣ ، ئاخ كوردستان٤٣ ، كووى گەلان٨٨ ، دەلالا چاڤڕەش٨٩ ، ب يەك بن١٣٨ ، مارشا كەيانى١٦٧ ) .

٦- <u>سەرواى هەمەڕەنگ ( شيعرى ئازاد )</u> .

( هاوارە١٨ ، بێرييا وەلات٣١ ، كوردستان٣٤ ، ئاواتى دوورى٣٨ ، سترانا گولێ٥٦ ، ل بەر تربا شێخ سەعيد٩٤ ، ژدوورڤە١١٣ ، بلوورا من١٤٧ ) .

٧- <u>سێيينه</u> :

( داوەتە٢٧ ، زارودلين٧٠ ، كولا دل٧١ ، كانى ئاخا كوردان٩٢ ، كوردستانا بى دبستان٩٥ ، مـارش١٥٤ ) .

٨- <u>موستەزاد</u> :

( ئەز و دلبەر١٣٠ ، ئەم ئارينە١٣٧ ، هێڤيیا نوه ١٨٠ ) .

٩- هەشتینە :

( پەهیـز٦٥ ، سکالا لەتەك گردی سەیوان ٨٢ ) .

١٠- **دەیینە** :

( مـارشا جانبێزاران ١٥٩ ) .

١١ - **دوانزەیینە** :

( نامەیەکی شیعری بۆ عصبة اللأمم١٢١ ) .

لەمـاوەی ئەوگەڕانەدا، کەبەنێو پارچەشیعرییەکانی:( گۆڤاری هاوار ١٩٣٢/١٩٤٣- HAWAR ) کردبوومـان ، هەڵبەت بە خستنەڕووی ژمـارەی ریزبەندییەکانیان لە نێو : ((خشتەی کێش و سەروای دەقە شیعرییەکانی گۆڤاری هاوار ١٩٣٢/ ١٩٤٣- HAWAR )) ، دیاردەی دووبارەبوونەوەی ناونیشانی چەند بەرهەمێکی شیعرییمان هاتۆتە بەردەم لەوانە :

١- ( بەردێلك ٤ بەرهەمـەشیعری بە ژمـارەکانی : ٦ ، ١٧ ، ٤٤ ، ١٢٣) .

٢- ( هاوارە.. ٤ بەرهەمـەشیعری بە ژمـارەکانی : ١٨ ، ٦٢ ، ٨٤ ، ١٧٧ ) .

٣- ( بۆ خاوەن هاوار ..٢ بەرهەمـەشیعری بە ژمـارەکانی : ٧٧ ، ١١٧ ).

٤- ( پەندنامـە .. ٢ بەرهەمـەشیعری بە ژمـارەکانی : ١٢٦ ، ١٦٤ ) .

٥- ( کولا دل .. ٢ بەرهەمـەشیعری بە ژمـارەکانی : ٣٥ ، ٧١ ) .

٦- ( لاڤە لاڤ .. ٢ بەرهەمـەشیعری بە ژمـارەکانی : ٧ ، ١٠٦ ) .

٧- ( وڵاتی کوردان .. ٢ بەرهەمـەشیعری بە ژمـارەکانی : ١٦ ، ٢٠ )

لەکۆتایی توێژینەوەکەمـاندا ، و لەبەرزۆریی شیعرەکان ورێنمایی بۆ سنووردارکردنی قەبارەی توێژینەوەکان.. بەچاکمانزانی ، بەخشتەیەکی ورد کێش و سەرواکانیان لەگەڵ سەرچاوەکانیان هەرلە نێو خشتەکەدادیاریبکەین ، هەروەها لەبەر رێچکەگرتنی گۆڤاری ( هاوار) لەژمـارەکانی (١-٢٣ ) بۆ دووشێوەنووسینی جیاواز ، هێماکانی (ع) بۆ ئەو شیعرانە داناوە ، کە بەشێوەنووسینی تیپی عەرەبی و (L)یش بۆ ئەو شیعرانەن ،کە بە شێوەنووسینی لاتینی نووسراون ، ئیدی لەبەرئەوەی لەژمـارە(٢٤)تا دواژمـارەی گۆڤارەکە ، کە ژمـارە (٥٧)ەولەلایەن گۆڤارەکەشەوە تەنێ بەیەك شێوەنووسین پێڕەوکراوە،کە ئەویش لاتینییەکەیەولەبەرئەوە بە پێویستمان نەزانی لەدانانی هێماکان بەردەوامـبین :

خشتەی (کێش و سەروا) ی دەقە شیعرییەکانی گۆڤاری

(هاوار 1943 HAWAR - 1932)

| ن . ناوی هەڵبەست | ناوی شاعیـر | جۆر و بابەت | ژ | ل | مێژوو | کێش و سەروا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ستوونا زارۆوان ( بوهـار ) L | جەلادەت بەدرخان | شیعر بۆ منداڵان | ١ | ٤ | ١٩٣٢/٥/١٥ | کێشی ئەم پا رچە شیعرە (٧ ) بڕگەییە و بەپێی دەستەپێی ( ٤+٣) داڕێژراوە وقاڵبەشیعرییەکەشی لە ٤ چوار بەندە شەشینەی تەرجیعبەند پێکهاتووە و بەیتە تەرجیعییەکەشی لە لەتی پێنجەم و شەشەم پێکدێت ولە هەرچوار بەندە شەشینەکە دووبارە دەبێتەوە و سەروا قاڵبی بەندی یەکەم لە جۆری شەشینەی تەواو (موسەررەع) ە وتەواوی بەندەکانی دیش بریتیین لە دووبەیتی مەسنەوی وبەیتێکی دووبارەبووەوە ،کە تەرجیعییەکەیە و بەم شێوەیەی خوارەوە : (AAAAAA/BBCCAA/BBCCAA/DDEEAA) |
| ٢-خاترخازییا مەمیٚ L | د.کامران عالی بەدرخان | ناوەڕۆکێکی فۆلکلۆری | ١ | ٤ | = | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی ١٠ بڕگەیی و بەدەستەپێی خۆماڵی کوردیی ٥+٥ سەرواکەشی ، سەروای مەسنەوییە و لە ٨ هەشت بەیتی جووتقافیە پێکهاتووە . |
| ٣- چقاس دەلالە L | قەدری جان | کۆمەڵایەتی | ١ | ٤ | = | کێشی ئەم پا رچە شیعرە ش(٧ ) بڕگەییە و بەپێی دەستەپێی ( ٤+٣) داڕێژراوە ،قاڵبی شیعرەکەش چوارینەیە ولە سیٚ بەندە چوارینەپێکهاتووە ، کە یەکەم بەندە چوارینە لە جۆری ( شکسپیری )یە ودوو چوارینەکانی دیش لە جۆری ڕۆژهەڵاتییەکەن وریزبەندیی چوارینەکانی ئەم پارچە شیعرەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە : (ABAB/CCCB/DDDB ) |
| ٤- تۆلا وەلێت L شام – ١٩٣١/٧/٧ | جەلادەت بەدرخان | شیعر بۆ منداڵان نیشتمانی | ٢ | ٤ | ١٩٣٢/٦/١ | کێشی ئەم شیعرە ( ٨) هەشت بڕگەییە وبەرەزمی (٤+٤) دانراوە ولە ١٠دە بەیتی مەسنەوی پێکهاتووە . |
| ٥- خانی L | د.کامران عالی بەدرخان | پەسن | ٢ | ٤ | = | کێشی ئەم پارچەیە عەروزییە ولەسەر بەحری : ( هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزووف – مفعول مفاعلن فعولن ) و سەروا قاڵبەکەی مەسنەوییە و لە ١٥ پانزدە بەیتی جوتقافیە پێکهاتووە . |
| ٦- بەردێلك ع | عوسمان سەبری | نامە بۆ قەدریجان | ٢ | ١٠ | = | کێشی ئەم پا رچە شیعرە (٧ ) بڕگەییە و بەپێی دەستەپێی ( ٤+٣) داڕێژراوە سەرواکەشی لە قاڵبە چوارینەیەکی هەمەڕەنگ پێکهاتووە و بەجۆرێك ، کە بەندەچواریتەی یەکەم لە جۆری ( ئینگلیزی ) یەودووەم و چوارەم بەند لە جۆری ڕۆژهەلاتی و سێیەم بەندیش لە جۆری (تازەیە–EEFB) یە وپێنجەم جۆریشی لە جۆری تەواو( موسەررەع)ە ، بەم شێوەیەی خوارەوە : (ABCB/DDDB/EEFB/GGGB/HHHH) |
| ٧- لاڤە لاڤ ع | د.کامران عالی بەدرخان | پەسنی خودا | ٣ | ٢ | ١٩٣٢/٦/١٥ | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی هەمە ڕەنگی ٨ هەشت بڕگەیی و ١٠ بڕگەیی و بەدەستەپێی خۆماڵی کوردیی ٥+٥ وجیاوازی (٤+٣+٣)، وەلیٚ (د.عبدألصمد اسلام طه) دەیباتەوە بۆ کێشی عەرووزی گرێدراو بە بەحری هەزەجی چواری تەواو : (مفاعیلن مفاعیلن ) × ٢ و سەرواقاڵبەکەشی لەسەر ١٠دە بەیتی مەسنەوی داڕێژراوە . |
| ٨- ما چمان دچی ع | د.کامران عالی بەدرخان | نامەی شیعری بۆ : (ئەکرەم بەگ) | ٣ | ٥ | = | لەتی هەردێڕێکی لەسەر کێشی ١٥ بڕگەییە و بەدەستەپێی (٤+٣ ) ..وەستانێك و دەستەپێی (٤+٤) داڕێژراوە، دەشتوانین بڵێین نیوەی لەتەدێڕێکی بە کێشی (٧ بڕگەیی) و نیوەکەی دی بە کێشی (٨ بڕگەیی) داڕێژراوە ، بەڵام بەلای (د.عبدألصمد اسلام طە)کێشەکە عەرووزییە و لەسەر کێشی ڕەمەڵی هەشتی مەقسوورە : (فا علاتن ،.......،.........،فاعلان )، کەواتە دەکرێت بە هەردوو جۆرەکەی کێش لە شیعرەکە بڕوانین ...، لەڕووی قاڵبە سەرواشەوە بریتییە لە یەك بەندە چوارینەی تازە : ( ABCB) . |
| ٩- شەڤا وە خوەش L | جەلادەت عالی بەدرخان | منداڵان | ٣ | ٢ | = | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی ٨ هەشت بڕگەییە و بەدەستەپێی ( ٤+٤) داڕێژراوەو قاڵبە سەرواکەشی لە ١٢ دوانزدە بەیتی مەسنەوی پێکهاتووە . |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠-یەكبونا یەكێتیا كوردی L | د.كامران عالی بەدرخان | نیشتمانپەروەری | ٤ | ١ | ١٩٣٢/٧/٣ | داڕشتنی ئەم شیعرە بۆ هەردوو شێوەی بڕگەیی و عەرووزی لەبارە ...، بۆ بڕگەییەكە لەسەر كێشی خۆماڵی وبە دەستپێی هەمەڕەنگی (٥+٥) و (٣+٣+٤) داڕێژراوە ..، سەبارەت بە كێشە عەرووزییەكە دەچێتەسەر بەحری : ((هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور..(مفعول مفاعلن فعولان )×٢ ))..بڕوانە: (عبدالصمد أسلام طه – سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٧ ) قاڵبە سەرواكەشی بریتییە لە ١٩ بەیتی مەسنەوی . |
| ١١- گۆتنا وەلات ع | جگەر خوێن | | ٤ | ٦ | = | دیسان ئەم پارچەیەش بەسەر هەردوو شێوەكێشەكانی بڕگەیی و عەرووزی دەپێورێ وسەبارەت بەیەكەمیان بۆ كێشی ١١ بڕگەیی و بەدەستەپێی (٤+٤+٣ ) هاتووە هەرواش بۆ عەرووزییەكە دەچێتەسەر بەحری هەزەجی شەشی مەحزووف :(مفاعیلن مفاعیلن فعولن ) ×٢ بڕوانە: (عبدالصمد أسلام طه – سەرچاوەی پێشوو ،ل٥٦). .قاڵبەسەرواكەشی لە ١٦ بەیتی مەسنەوی پێكهاتووە . |
| ١٢- شین و پەسنا زینێ L | د.كامران عالی بەدرخان | وەسفی سروشت و زین | ٥ | ٢ | ١٩٣٢/٧/٢٠ | كێشەكەی عەرووزییە و لەسەر بەحری : رەمەلی هەشتی مەقسوور: (فاعلاتن/ فاعلاتن/ فاعلاتن/فاعلان ) ، و لەرووی سەرواشەوە تەواوی پارچەكە مەسنەویە و لە ٢٤ بەیت پێكدێ . |
| ١٣- ئالێ كوردان L | جەلادەت | نیشتیمانی | ٥ | ٢ | = | كێشەكەی لەسەر كێشی ٧ حەوت بڕگەییە و بە رەزمی :(٤+٣)داڕێژراوە ولەسەر قاڵبەسەروای چوارینەیە ولە ٤ چواربەندەچوارینەی هاوچەشن و لە جۆری ( ABCA ) یە. |
| ١٤- دەلالییا زارۆوان L | ئەمین عالی بەدرخان | لایە لایە | ٥ | ٤ | = | كێشی بڕگەیی- هیجائییەو - لەسەر كێشی١٠ بڕگەیی خۆماڵی وبە دەستپێی (٥+٥) سەرواقاڵبی شیعرەكەش لە ٧ حەوت بەندەچوارینەی تەرجیعبەندیی جۆری چوارینەی ڕۆژهەڵاتی پێكهاتووە و ریزبەندیی قاڵبەسەروای ئەم پارچە شیعرەش بەم شێوەیە: (AAAB/CCCB/DDDB/EEEB/FFFB/GGGB/HHHB) |
| ١٥-پەسنا دێركێ L | جگەر خوێنێ كوردی | نامە بۆ قەدریجان | ٥ | ٧ | = | كێشی بڕگەیی- هیجائییەو - لەسەر كێشی ١٠ دە بڕگەیی خۆماڵی و بە دەستپێی (٥+٥) سەرواقاڵبی شیعرەكەش لە ٨ هەشت بەیتی مەسنەوی پێكهاتووە . |
| ١٦- وڵاتی كوردان ع | عەبدولخالقی ئەسیری | نیشتیمانی | ٥ | ٣ | = | ئەم پارچەیە قەسیدەیە كێشەكەی لەسەر بەحری : ((رەمەلی هەشتی مەحزووف:(فاعلاتن/ فاعلاتن/ فاعلاتن/فاعلن ) ..)) و لە ١٤ چواردە بەیت پێكهاتووە . |
| ١٧- بەردێلك L ژ لۆرییا بەدرخان رە | قەدریجان | لاواندنەوە | ٦ | ٢ | ١٩٣٢/٨/٨ | كێشی بڕگەیی- هیجائییەو - لەسەر كێشی ١٠ دە بڕگەیی خۆماڵی وبە دەستپێی (٥+٥) –سەروا قاڵبەكەشی لە ٧ حەوت بەندەچوارینەی موسەمەتی تەرجیعبەندە وتەواوی بەندە چوارینەكانی ئەم پارچەیە لە جۆری چوارینەی ڕۆژهەڵاتییەكەیە :( AAAB ) و ریزبەندی چوارینەكانیشی بەم شێوەیە: (AAAB/CCCB/DDDB/EEEB/FFFB/GGGB/HHHB) |
| ١٨- هاوارە L | بوزان شاهێن | نیشتیمانی | ٦ | ٣ | = | شیعری سەربەست و كێشی ئازاد |
| ١٩ -كوردەواری L | فایەق بێكەس | نیشتیمانی | ٦ | ٤ | = | ئەم شیعرە لەسەر كێشی عەرووزی رەمەڵی هەشتی مەحزووف: ( فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ) دانراوەو سەروای تەواوی پارچەكە بریتییە لە غەزەلێكی ٦ بەیتی .بڕوانە : (عبدالصمد أسلام طه – سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٨) . |
| ٢٠ -وەلاتێ كوردان L | د.كامران عالی بەدرخان | وەسفی نیشتیمان | = | ٥ | = | كێشەكە عەرووزییە و دەچێتەوە سەر بەحری : ((هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور....(مفعول مفاعلن فعولان )×٢ ))..بڕوانە : (عبدالصمد أسلام طه – سەرچاوەی پێشوو ل ٥٧ ) قاڵبی پارچەكە بریتییە لە ١٥ بەیتی مەسنەوی . |
| ٢١- ژبونا هاوار ع | جگەر خوێن | پیرۆزنامە | = | ٤ | = | كێشی پارچەكە ١١ بڕگەییە ولە ٧ بەندەقاڵبی چوارینە ی موسەممەت پێكهاتووە و تەواوی بەندە چوارینەكان لەجۆری توركین سەروای ریزبەندیی چوارینەكانیش بەم شێوەیە : **(ABAA/CDAA/EFAA/GHAA/IFAA/JHAA/LMAA)** |
| ٢٢- گولبانكێ هشیاریێ ع | مەلا عەلی | نیشتیمانی | = | ٤ | = | كێشی بڕگەیی- هیجائییەو – لەسەر كێشی ١٠ دە بڕگەیی خۆماڵی وبە دەستپێی (٥+٥) دانراوە وسەرواقاڵبەكەشی بریتییە لە ١٠ دە بەیتی جووتقافیە ( مەسنەوی ) . |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٣- برین<br>L | د.کامران عالی بەدرخان | ( ڕۆمانتیکی )<br>نامۆبوون بەرامبەر وێرانبوونی وڵات . | ٧ | ٣ | ١٩٣٢/٨/٢٥ | کێشی ئەم پارچە شیعرە (٧بڕگەیی)ە و بەپێی دەستەپێی ( ٤+٣) داڕێژراوە قاڵبە سەرواکەشی بریتییە لە ١٣ سیانزدە بەندە چوارینەی هەمەڕەنگ ،کەچوارینەی :( ١ ، ٢ ،٥ ، ٧ ، ٨ ، ٩ ، ١٠ ، ١١ ، ١٢ ، ١٣ ) لەجۆری بەندەچوارینەی (جووت مەسنەوی )یە و هی ( ٣ ) لەجۆری ( ئینگلیزی)یەکەو (٤ ، ٦ ) یش لەجۆری (تەواو – موسەررەع )ە بەندەچوارینەی یەکەم لە ریزبەندی دوانزدەهەمدا دووبارەدەێتەوە و ریزبەندیی پارچەشیعرەکەش بەم شێوەیەیە :<br>(AABB//CCDD/EFCC/EEEE/GGHH/EEEE/CCEE/IIII/CCJJ/JJCC/KKEE/AABB/IIMM) . |
| ٢٤- هەسنکەر<br>L<br>( چیرۆکە شیعر ) | قەدریجان | چینایەتی | ٧ | ٤ | = | کێشی ئەم پارچە شیعرە لەسەر کێشی ١٤ چواردە بڕگەییە ولەتی هەردێڕێکی بەدەستەپێیەکانی (٤+٣) ، (٤+٣ ) ،چونکە لەخوێندنەوەیدا ٣ سێ جار هەست بەوەستان دەکرێ و قاڵبە سەرواکەشی بریتییە لە ١٧ حەڤدە بەیتی مەسنەوی . |
| ٢٥- ئەی فجر<br>ع | لاوێکی کورد | نیشتیمانی | ٧ | ٧ | | ئەم شیعرە (مووەششەح )ە ،ئەم شیعرە بەئاماژە لە دیوانەکەی ( عبدالواحید نوری )دا واهاتووە ،کەیەکەمجار (علی کمال باپیر)لەرۆژنامەی(ژین ، ١٩٣٩)دا بڵاویکردۆتەوە...بڕوانە کتێبی : ( گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم –علی کمال باپیر ) ، بەڵام لەڕاستییەکەیدا ..ئەم شیعرە بۆیەکەمجار لەم ژمارەیەی گ . هاوار دا بڵاوکراوەتەوە . |
| ٢٦- سترانا دلان<br>L | د.کامران عالی بەدرخان | وەسفی یـار | ٨ | ٣ | ١٢/ ٩ /<br>١٩٣٢ | کێشی ئەم تێکستە کێشی بڕگەیی- هیجائییەو – لەسەر کێشی ١٠ دە بڕگەیی خۆماڵی وبە دەستپێی (٦+٤ ) ،کە یەکەم لەتی هەموو چوارینەکان ٦ ودووەمیان ٤ بڕگەیە و قاڵبە سەرواکەشی بریتییە لە ١٧ حەڤدە بەندە چوارخشتەکی هەمەرەنگی ئازاد لە جۆرەکانی چوارینەی ئینگلیزی و شکسپیری وتازە وتەواو: (ABCB) و (ABAB)و(ABCD) و(AAAA) پێکهاتووە . |
| ٢٧- داوەتە<br>ع | جەلادەت بەدرخان | نیشتیمانی | ٨ | ٣ | = | کێشی ئەم پا رچە شیعرە (٧ ) بڕگەییە و بەپێی دەستەپێی (٤+٣) داڕێژراوە قاڵبە سەرواکەشی بریتییە لە ٩ نۆ بەندە سێیینەی تورکی لەوانەی (جناب شیهابەددین -AAB–) ی بەکارهێناوە ، بڕوانە : (سەروا ، د.عەزیز گەردی ،هەولێر، ١٩٩٩ ،ل٢٠٠ ) . |
| ٢٨- ژ خانی را<br>ع | بەهمەن زەردەشت | نیشتمانپەروەری | = | = | = | کێشی ئەم پارچەیە عەرووزییە ولەسەر بەحری:( هەزەجی شەشیئەخرەبی مەقبووزی مەحزووف–مفعول مفاعلن فعولن)و سەروا قاڵبەکەشی بریتییە لە١٣ بەیتی مەسنەوی |
| ٢٩- هشیارنامە<br>ع | لاوێ فندی | نیشتیمانی | ٨ | ٣ | = | کێشی ٨ بڕگەیی وبەدەستەپێی (٤+٤) داڕێژراوە و سەروا قاڵبی ئەم پارچەیە لە ٤چوار بەندە چوارینەی هەمە رەنگ و یەك سێینەی تەواو ( موسەررەع) پێکدێت ، سێیینەکە بەندی دووەمە لە ریزبەندیی پارچەکە و جۆری چوارینەکانیش بەم شێوەیە ، یەکەمیان لەجۆری (رۆژهەلأتی ) و دووەمیان لەجۆری (جووت مەسنەوی)یە وسێیەمیان لە جۆری (تەواو – موسەررەع ) ەو دواچوارینەشیان لە جۆری ( باباتاهیری ) یەکەیە و ریزبەندیی سەرواقاڵبی پارچەکەش بەم شێوەیە :<br>(AAAB/AAA/CCDD/EEEE/AAGA) |
| ٣٠- ئەز گۆرییا بانگێ تەمە ع<br>ئاکرێ:<br>٢٨حزیران١٩٣٢ | مامۆسـتا | پیا هەڵدان بەسەر گۆڤاری (هاوار)دا | ٨ | ٤ | = | کێشەکەی بڕگەیی و لەجۆری ٧حەوتییە و بەرەزمی (٢+٥) دانراوە، وقاڵبە سەرواکەی لە سێ جۆری پێنجینەی هەمەرەنگ پێکهاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە :<br>( AABCD/EEEEE/CCEFG ) |
| ٣١- بێرییا وەلات<br>L | د.کامران عالی بەدرخان | پەخشانە شیعر | ٨ | ٦ | = | زمان وێنەیەکی جوان |
| ٣٢- ئالا کوردان<br>L | = | نیشتیمانی | ٨ | ٧ | = | کێشەکەی بڕگەیی و لەجۆری ٧حەوتییە و بەرەزمی (٤+٣) دانراوە وقاڵبە سەرواکەشی شەشخشتەکیی موسەممەتی تەرجیعبەندە و هەر ٣ سێ بەندە شەشینەکەی لە جۆری (بهار) یتورکییە بڕوانە : (د.عەزیز گەردی ، سەروا،دەزگای ئاراس بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە ،هەولێر،١٩٩٩ ،ل٢٢٦ ) ، ریزبەندیی شەشخشتەکییەکانی ئەم پارچەیەش بەم جۆرەیە :<br>(AAAABB/CCCCBB/DDDDBB) |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٣- دلکۆچەرێ<br>L | د.کامران عالی بەدرخان | دڵداری | ٩ | ٤ | ١٩٣٢/٩/٣٠ | کێشەکەی بڕگەیی و لەجۆری ٧حەوتییە و بەرەزمی (٤+٣) دانراوە وقاڵبە سەرواکەشی شەشینەی تەرجیعبەندە و هەر ٦ شەش بەندە شەشینەکەی لە جۆری بەندە شەشینەی ( ٣ سێ مەسنەوی) ن و سێیەم بەیتی مەسنەوی هەموو شەشینەکان دووبارەیە و بۆتە بەیتی تەجیعبەند لە گرێدانی هەر شەش بەندە شەشینەکان و ڕیزبەندیی سەروای پارچەکەش بەم شێوەیە :<br>(AABBCC/DDEECC/FFGGCC/HHIICC/JJKKCC/LLMMC C ) |
| ٣٤- کوردستان<br>L | = | نیشتیمانی | ٩ | ٤ | = | ئەم پارچەشیعرە دەچێتە ڕیزی شیعری نوێ و سەربەستەوە و لەوێدا شاعیر بە کێش و ڕەزمی جیاواز و سەروای هەمە ڕەنگو لە قاڵبێکی شەشەینەی جۆری شیعری سەربەستداو بەزمانێکی پاراو و جوان و کوردییەکی ڕەوان شیعرەکەی داڕشتووە و تەواوی پارچەکەش بریتییە لە حەوت بەندە شەشینەی سەربەست و ڕیزبەندیی سەروای ئەم پارچەیەش بەم شێوەیە:<br>(aaBccB/ddEffE/ggHiiH/jjKllK/mmNooN/ppQrrQ/ss TuuT).<br>چنینی ئەم تێکستە لە رووی (فۆرم)ەوە تا ڕادەیەك لەو دەقە شیعرییەی گۆران دەچێت ،کە هەر لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە ،کە بە ناوی( ئاواتی دووری )یەوەی . |
| ٣٥- کولا دل<br>L | جەگەر خوین | نیشتیمانی | ٩ | ٦ | = | کێشی ئەم پارچە شیعرە عەرووزییە و لەسەر بەحری هەزەجی شەشی مەحزووف :(مفاعیلن،مفاعیلن،فعولن)×٢ ، بڕوانە : (عبدالصمد أسلام طه – سەرچاوەی پێشوو ،ل ٥٥) سەرواقاڵبەکەشی لە ١٠ دە بەیتی مەسنەوی پێکهاتووە . |
| ٣٦- زنینەخەو<br>ع | پیرۆت[*]<br>(ئیبراهیم ئەحمەد) | نیشتیمانی | ٩ | ٣ | = | کێشی بڕگەیی- هیجائییەو – لەسەر کێشی ١٠ دە بڕگەیی خۆماڵی وبە دەستپێی (٥+٥) –سەروا قاڵبەکەشی لە ٢١ بیستویەك بەندەچوارینەی هەمەرەنگ داڕێژراوە ، کەبریتیە لە ١٢ بەندەچوارینە ی (ABAB)یشکسپیری و٩نۆ بەندەچوارینەی ( ABBA)ی ئەورووپی . |
| ٣٧- چەند پەند<br>ع | ئەمین عالی بەدرخان | = | = | ٤ | = | کێشی ئەم پارچەیە عەرووزییە ولەسەر بەحری : ( هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزووف– مفعول مفاعلن فعولن ) و سەروا قاڵبەکەی مەسنەوییە و لە ٣ سێ بەیتی جوتقافیە پێکهاتووە ، بڕوانە : (عبدالصمد أسلام طه – سەرچاوەی پێشوو ،ل ٥٧ ) . |
| ٣٨ – ئاواتی دووری<br>ع | گۆران | دڵداری | = | ٥ | = | تێکەڵەیەك لە عەرووز و کێشی پەنجە......، هەروەکو ئاماژەمان پێکرد ئەم تێکستە شیعرە لە ڕووی فۆرمەوە تا ڕادەیەك لە تێکستە شیعرییەکەی (کوردستان) ی د.کامران عالی بەدرخان دەچێت ، کە هەر لەم ژمارەیەدا بڵاوبووەتەوە . |
| ٣٩- داخوازینامە<br>ع | ئەحمەد نامی | پیاهەڵدان بەسەر گۆڤاری هاوار | = | ٦ | = | دیسانەوە ئەم شیعرەش چۆتەوە سەر کێشی عەرووزی و بە بەحری : ( هەزەجی شەشی مەقسوور _ مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل × ٢ ) بڕوانە : (عبدالصمد أسلام طه – سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦) و پارچەکەش لە ٨ هەشت بەیتی مەسنەوی پێکهاتووە . |
| ٤٠- مارشا کوردی<br>ع | مستەفائەحمەدبۆتی | = | = | ٧ | = | کێشی ئەم تێکستە ٨ بڕگەییەو بە ڕەزمی : (٤+٤) داڕێژراوە ، وقاڵبی پارچەکەش لە ١٠ دە بەندە چوارینەی جۆری ( تەواو – موسەررەع ) پێکهاتووە. |
| ٤١- هشیاری<br>L | د.کامران عالی بەدرخان | هوشیارکردنەوەی گەل | ١٠ | ٣ | /١٠/٢٣<br>١٩٣٢ | کێشی ئەم تێکستە شیعرە بەکێشی ١٦ شانزدە بڕگەیی و هەر لەتێکی بەرەزمی ( ٤+٤+٤+٤) دانراوە ، چونکە ٣ سێ جار راوەستانی تێدایە و سەروا قاڵبی شیعرەکەش بریتییە لە ٢٠ بیست بەیتی مەسنەوی ، ئەم جۆرە کێشەش لای (قەدری جان )یش بەکارهاتووە بە تایبەت لە پارچە شیعری ( شین ) دا..بڕوانە: (مەریوانی عومەر دەوڵەت ، قەدری جان ژیان و بەرهەم ،دەزگای پەخشی سەردەم ، سلێمانی ،٢٠٠٦،ل٢٠٩ ) . |
| ٤٢-دشۆرەزارەکیدا | قەدری جان | چیرۆکە شیعر | | ٤،٥ | = | کێشی ئەم تێکستە شیعرە بەکێشی ١٤ چواردە بڕگەیی و |

[*] لە دیدارێکدا لەگەڵ پ.د.عیزەدین مستەفا رەسوول ، سەبارەت بەنازناوی ( پیرۆت ) لەم شیعرەدا ، لەوەڵامدا گوتی ، کە ئەو نازناوە هی ئەدیبی گەورە مامۆستا( ئیبراهیم ئەحمەد ) ە .

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| L | | | ١٠ | | | بەرەزمی ( ٧+٧) و دەشكرێت بە دەست پێیەكانی(٤+٣)و(٤+٣)بیانخوێنینەوە وهەستیان پێبكەین..، بڕوانە: (مەریوانی عومەر دەوڵەت ، قەدری جان ...سەرچاوەی پێشوو ل٢١٠ ) . و قاڵبە سەرواكەشی بریتییە لە ١٠ دە بەیتی مەسنەوی . |
| ٤٣- ئاخ كوردستان ع | شەهید سلێمان بەدرخان | نیشتیمانی | = | ٢ | = | كێشی ئەم پارچە شیعرە هیجائییە و بە كێشی ٨ هەشت بڕگەیی خۆماڵی چنراوە وسەروا قاڵبەكەشی بریتییە لە ١١ بەندە شەشخشتەكیی موسەممەتی تەرجیعبەند ،تەواوی هەر یانزدە بەندە شەشینەكانیشی هاوجۆرن و سەروای چوار لەتی یەكەمی هەریەك لە بەندە شەشینەكان هاوسەروان ولە جۆری شەشینەی توركین ( AAAABB) و ڕیزبەندیی تەواوی هەموو بەندە شەشینەكان بەم شێوەیەن : (AAAABB/CCCCBB/DDDDBB/EEEEBB/FFFFBB/......... ..... ( . |
| ٤٤- بەردێلك ع | جەگەرخوین (ژعبدالخالق ئەسیری رە) | = نامەی شیعری | = | ٣ | = | ئەم شیعرە لەسەر كێشی عەرووزی ڕەمەڵی هەشتی مەحزووف: ( فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ) دانراوەو سەروای تەواوی پارچەكە بریتییە لە قەسیدەیەكی تەواوی ١٥ پانزدە بەیتی .بڕوانە : (عبدالصمد أسلام طە – سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٨) . |
| ٤٥- هەی وەتەن ع | خدۆك ( حسین حوزنی موكریانی ) | نیشتیمانی | = | ٤ | = | كێشی ئەم تێكستە شیعرە بەكێشی ١٤ چواردە بڕگەیی و بەرەزمی ( ٧+٧) دانراوە و سەروای پارچە كەش لەسەر قالبی ١٥ بەندە پێنجینەی موسەممەت پێكهاتووە ،چونكە سەروای دوالەتی پێنجینەكان یەكن ،واتە هاوسەروان وتەواوی بەندە پێنجینەكان لەجۆری ڕۆژهەڵاتییەكەیە: ( AAAAB) . |
| ٤٦- الهامی هاوار ع | گۆران | = | = | ٥ | = | كێشی بڕگەیی- هیجائییەو – لەسەر كێشی١٠ دە بڕگەیی خۆماڵی وبە دەستپێی (٥+٥) –و لە ١٣ بەیتی مەسنەوی پێكهاتووە . |
| ٤٧- زمانێ من L | د.كامران عالی بەدرخان | = | ١١ | ٢ | /١١/١٠ ١٩٣٢ | كێشی ١٠ دە بڕگەیی- هیجائییەو – لەسەر كێشی خۆماڵی وبە دەستپێی (٥+٥) یاخود ( ٦+٤ ) و سەروا قاڵبی شیعرەكەش بریتییە لە ٥ پێنج بەیتی مەسنەوی . |
| ٤٨-مەشهەدا عیبرەتێ ع | = | = | = | ٢ | = | كێشی ١٦ شانزدە بڕگەییە ویان دەتوانین بڵێین دووجار هاتنی دوو كێشی (٨ بڕگەیی )ە و لە خوێندنەوەی لەتە شیعرییەكانیدا سێ جار هەست بە وەستان دەكەین ،جا لەبەر ئەوە دەبینین ،كە بەدەستەپێیەكانی: (٥+٣+٥+٣) داڕێژراون ، ئەگەرچی لای عبدألصمد اسلام طە هەر دەیباتەوە بۆ كێشە عەرووزییەكەی سەر بە بەحری هەزەجی هەشتی موسەببەغ :( مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن × ٢ )... بڕوانە هەرئەو سەرچاوەیە ل ٥٤ ...، سەروا قاڵبی ئەم پارچە شیعرەش بریتییە لە ٢٧ بەیتی جووتقافیە .. مەسنەوی . |
| ٤٩- سنوور ع | ئەسیری | = | = | ٣ | = | كێشی شیعرەكە لەسەر بەحری ( بەسیتی هەشتی مەتوی... (عبدالصمد أسلام طە – سەرچاوەی پێشوو ل٦٠) و سەروا قاڵبی ئەم تێكستەش بریتییە لە قەسیدەیەكی ١٠ دە بەیتی . |
| ٥٠ – شەهیدێ گەورە ع | مستەفا ئەحمەدبۆتێ | لاواندنەوە بۆ شێخ عەبدورەحمانی گارسیی شەهید | = | ٥ | = | كێشەكەی بڕگەیی هەمەڕەنگ و قاڵبە سەروای پارچەكەش بریتییە لە ٦ شەش كۆپلەی چوارینەی تەواو : ( AAAA ,BBBB,CCCC,DDDD,EEEE,FFFF ) |
| ٥١- تابووتا بخوین ع | قەدری جان | لاواندنەوە بۆ گارسی | = | ٦ | = | لەسەر كێشی ١١ بڕگەیی و قاڵبی چوارینەی هەمەڕەنگ داڕشتووە ،یەكەم چوارینەی ئەورووپییە(شكسپیریی یان پاڵەوانێتی) یەودووەمی لەجۆری ( م.جزیری)یە..ئەوانی دی لەسەر شێوەی كوردیوفارسییە بەم شێوەیەی خوارەوە : بەوشەی (ئەز )كۆتایی دیت: پێنج قاڵبە چوارینەیە : ABAB/CCDB/EEEB/FFFB/GGGB ( |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٢- زارینەك<br>ع | جەگەر خوێن | وەسفی کوردستان لە دڵی شاعیرەوە | = | ٨ | = | شاعیر لەم پارچە شیعرەیدا سوودی لە هەردووکێشی عەرووزی و پەنجەییەکە بینیوە ،لە هەندێ شوێندا پەنای بردووە بۆ کێشی عەرووزی جۆری بەحری : ( رەجەزی چواری مورەففەل ) ، کەچی (عبدالصمد أسلام طه – سەرچاوەی پێشوو ل٦٠ ) تەنیا بەستوویەتییەوە بە کێشە عەرووزییەکە ، بەڵام شاعیر لە بەندە چوارینەکانی سێیەمەوە تا دوا بەندی پارچەکە سوودی لە کێشی پەنجەیی ٨ هەشت بڕگەیی بەدەستەپێیەکانی ( ٤+٤ ) بینیوە ، سەروا قاڵبیشیعرەکەش لەسەر بنەمای بەندە چوارینەی هەمەڕەنگ دانراوە وبریتییە لە ٧ حەوت بەندە چوارینەی ( موسەممەت)..، کە بە جۆرێك یەکەم بەندە چوارینە لە جۆری چوارینەی (پاڵەوانێتی – شکسپیری) یەکەیەوتەواوی بەندە چوارینەکانی دیکە لە جۆری ( تەواو – موسەررەع) ن وسەروای لەتی چوارەمی هەموو بەندەکان هاوسەروان و ریزبەندیی ئەو بەندە چوارینانەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە :<br>(ABAB/CCCB/DDDB/EEEB/FFFB/GGGB/HHHB) |
| ٥٣- جەگەر خوین<br>L | قەدری جان | نامەی شیعری | ١٢ | ٢ | /١١/٢٧ ١٩٣٢ | ئەم تێکستە شیعرە لەسەر کێشی١١ یانزدە بڕگەیی داڕێژراوە ،بڕوانە:( مەریوانی عومەر دەوڵەت ، قەدری جان ژیان و بەرهەم...، ل٢٠٥) پەنجەیی:٦چوارینەی تەرجیعییە ، کەوشەی (جەگەرخوێن ) لەکۆتایی تێکڕای چوارینەکاندا دووبارەدەبێتەوە جۆری تێکڕای قاڵبەکان بەمجۆرەیە:<br>AAAB/CCCB/DDDB/EEEB/FFFB/GGGB |
| ٥٤- هەیڤ وستێر<br>L | د.کامران عالی بەدرخان | وەسف | = | ٣ | = | کێشی ئەم پارچە شیعرە بڕگەییە و لەسەر لەسەر کێشی ٨ هەشتی و بە دەستە پێی : ( ٣+٥) و بە سەروا قاڵبی شیعرەکەش لەسەر قاڵبی پێنجینەیەی تەرجیعبەندەو لە٤ بەند دایڕشتووە هەموو بەندە کان سەروای سێ لەتی یەکەم هاوسەروان و دوو لەتی کۆتاییش جووتقافیەیە(مەسنەوی)یە بەمشێوەیە:<br>AAABB/CCCBB/DDDBB/EEEBB ) |
| ٥٥- گازی<br>L | عەبدولرەحمان فەوزی سەرەك عەشیرەتی ژیلیان | نیشتیمانی | = | ٣ | = | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی ١٠ بڕگەیی و بەدەستەپێی خۆماڵی کوردیی ٥+٥ سەرواکەشی لەسەر قاڵبیچوارینە یە و لە ٦ شەش بەندە چوارینە پێکهاتووە ، شاعیر تێیدا ٢ دووجۆر چوارینەی بەکارهێناوە،کە یەکێکیان چوارینەی تەواو(موسەررەع– AAAA)ە و ئەوی دییان چوارینەی جووت مەسنەوییە ( AABB ) یە،بەندە چوارینەکانی ٢،٤لەجۆری تەواوە و ئەوانی دیش لەجۆری جووت مەسنەوین.ریزبەندیی چوارینەکانیش بەم شێوەیە :<br>( AABB/CCCC/DDEE/FFFF/GGHH/IIJJ ) |
| ٥٦- سترانا گولێ<br>L | د.کامران عالی بەدرخان | پەخشانە شیعر | = | ٤ لاتینی | = | لەسەر کێشی ئازاد دانراوە بە زمانێکی پاراو و جوان هۆنراوەتەوە . |
| ٥٧- یادی وەتەن<br>ع | بێکەس | نیشتیمانی | = | ٢ | = | ئەم شیعرە لەسەر کێشی عەرووزی رەمەڵی هەشتی مەحزووف: ( فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ) دانراوەو سەروای تەواوی پارچەکە بریتییە لە غەزەل یێکی ١٢ بەیتی ،بڕوانە : (عبدالصمد أسلام طه – سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٨) . |
| ٥٨- ئەی گەلاوێژ<br>ع | گۆران | رۆمانتیکی | = | ٣ | = | بەرای من بە کێشی ١٦ بڕگەیی دەخوێنرێتەوە و بەڵام لای عبدالصمد أسلام طه بە کێشی عەرووزی بەحری : ( هەزەجی هەشتی تەواو .......لێیدەڕوانێ ..هەر ئەو سەرچاوەیە ل٥٥ )، و سەروای پارچە شیعرەکەش بریتییە لە ٧ حەوت بەیتی جووتقافیە (مەسنەوی ) . |
| ٥٩- خەیاڵ<br>ع | تاهێر فوئاد | کۆمەڵایەتی | = | ٤ | = | دیتنمان بۆ جۆری کێشی ئەم پارچەیەش هەر ئەو تێڕوانینەیە ، کە بۆ شیعرەکەی سەرەوە ( ئەی گەلاوێژ ) مان کرد ، بەڵام ژمارەی بەیتەکانی ئەم شیعرە ، کە قەسیدەیە لە ١٨بەیت پێکهاتووە . |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦٠- لە بۆ شەهیدەکی ع | ئەحمەد نامی | پەخشانێك ونامەیەکیشیعری | = | ٥ | = | کێشی لەتە دێڕەکانی ١٠ دە بڕگەییە وبەدەستەپێی ( ٥+ ٥) دانراوە ، وسەرڕوای شیعرەکەش بریتییە لە ١٥پانزدە بەیتی مەسنەوی . |
| ٦١- ز یارەتا هاوارێ ع | مستەفا میللی | پیاهەڵدان بەسەر میر جەلادەت | = | ٦ | = | کێشی ئەم تێکستە ٨ بڕگەییەو بە ڕەزمی : (٤+٤) داڕێژراوە، سەرواقاڵبی پارچەکە بەدوو پێنجینەی ( موسەررەع – تەواو )و پاشان جگە لە دوا چوارینە ، کە لە جۆریشکسپیری)یەکەیە ، ئەوا تەواوی بەندەچوارینەکانی دی ، کە ٥ پێنج چوارینەن لە جۆری ( موسەررەع – تەواو )ن . |
| ٦٢- هاوارە ع | لاوێ فندی | هوشیاری نەتەوەیی | = | ٦ | = | کێشی ئەم تێکستە ٧ بڕگەییەو بە ڕەزمی : (٤+٣) داڕێژراوەولەهەندێ نیوە دێڕیشدا کێشەکە دەبێتە ٨ بڕگەیی بە ڕەزمی (٤+٤)داڕێژراون و سەرواقاڵبەکەشی بریتییە لە ٥ پێنج بەندە چوارینەی موسەررەعوریزبەندیی بەندەچوارینەکانی پارچەکەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە : (AAAA/BBBB/CCCC/DDDD/EEEE) |
| ٦٣- نالەنالا دل ع | اسماعیل حەبەش | هوشیاری نەتەوەیی | = | = | = | کێشی ٨ بڕگەیی و بە دەستەپێیەکانی ٤+٤ ، هەروەها سەرواکەشی لەسەر قاڵبی چوارپێنجینەی هەمەڕەنگ دانراوە ، کە یەکەمیان لە جۆری ڕۆژهەلاتییە و دووەمیان لە جۆری تەواو – موسەررەع وسێیەم و چوارەمیشیان لە جۆری (CCCDD/DDDEE) وئەم جۆرە لە پێنجینە لە تەواوی بەندە پێنجینەکانی پارچە شیعری ( گوڵی سەربەستی ) ی( بەختیار زێوەر) دا بەکارهاتووە بڕوانە : ( د.عەزیز گەردی – سەروا ،دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردەوە ، هەولێر ، ١٩٩٩ ، ل ٢٢٢ ) ریزبەندیی تەواوی بەندە پێنجینەکانی ئەم پارچەیە بەم شێوەیەی خوارەوەیە : (AAAAB/CCCCC/CCCDD/DDDEE) |
| ٦٤- هەربژی ع | لە زبێر کورد | نیشتیمانی | = | ٨ | = | کێشە ئەم قەسیدەیە لەسەر بەحری : ( ڕەمەلی هەشتی مەقسوور ...فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان ×٢ دانراوە و لە ٥پێنج بەیت پێکهاتووە . |
| ٦٥- پەهیز L | د.کامران عالی بەدرخان | وەسفی سرووشت | ١٣ | ٢ لاتینی | /١٢/١٤ ١٩٣٢ | کێشی پەنجەیی٧ حەوت بڕگەیی وبەدەستەپێی (٤+٣) سەرواکەشی لەسەر قاڵبی هەشتینەی تەرجیعتەرکیببەندی پێکهتووە وبریتییە لە ٥ پێنج بەندە هەشتینەی مەسنەوی ، کە هەر بەندەی لە ٤ چوار بەیتی مەسنەوی ، کە لە پوختەی جۆرەکانی هەشتینەکانی کتێبی ( سەروا ) ی د. عەزیز گەردی)دا بەرچاو ناکەوێ !!! و ریزبەندیی تەواوی بەندە هەشتینەکانی ئەم پارچەیەش بەم شێوەیە : (AABBCCDD/EEFFGGAA/HHIIJJAA/KKLLMMAA/NNOOPPAA) .. |
| ٦٦- گولێ L | = | دڵداری | = | = | = | کێشی پەنجەیی٧ حەوت بڕگەیی وبەدەستەپێی(٣+٤) سەرواکەشی لەسەر قاڵبی ..(دووبەیتیی ) یان چوارینەی بابەتاهیری و هەموو پارچەکەش لە ٦ بەندە چوارینە پێکهاتووە . |
| ٦٧- خەونا هشیاریێ ع | قەدری جان | نیشتیمانی | = | ٢ تیپی عەرەبی | = | کێشی ٨ بڕگەیی و بە دەستەپێیەکانی ٤+٤ ، هەروەها سەرواکەشی لەسەر قاڵبی چوارینەی هەمەڕەنگەو لە ١٠ دە بەندە چوارینە پێکهاتووە..،بەشێوەیەك ڕێکخراوە ،کە جگە لەچوارینەی و سێیەم وشەشەمیان کە لە جۆری تەواو یاخود (موسەررەع)ن ئەوا تەواوی بەندەچوارینەکانی دیکەی پارچەکە لە لەجۆری (دووبەیتیی بابەتاهیری) ن . |
| ٦٨- گۆتنا ڕاست ع | جەگەر خوینیێ کوردی | = | = | ٣ | = | قەسیدەکە لە سی ٣٠ بەیت داڕێژراوەو سەر بەکێشی عەرووزی بەحری هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوورە: ( مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن ).. بڕوانە:( عبدالصمد أسلام طه – سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٦ ) . |
| ٦٩- ئەی دلێ ع | تاهیر فوئاد | کۆمەڵایەتیی ڕەخنەیی | = | ٥ | = | پارچەغەزەلێکە ، کەکێشەکەی عەرووزییە و لەسەر بەحری ( هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف ( مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن ) ....سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٥ . |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧٠- زار ودلین<br>ع | جەگەر خوین | نیشتیمانی | = | ٥ | = | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی ١٠ بڕگەیی و بەدەستەپێی خۆماڵی کوردیی ٥+٥ وسەرواکەشی لە دە ١٠ بەندە قاڵبی سێیینە ی تەواو ی ( AAA )داڕێژراوە . |
| ٧١- کولا دل<br>ع | عەبدولرەحمان فەوزی | نامۆبوون بۆ ولآت | = | = | = | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی ١٠ بڕگەیی و بەدەستەپێی خۆماڵی کوردیی (٥+٥) ولەسەر قاڵبی سێیینە و هەروا لەسیٚ٣ کۆپلە سێیینەی جۆری ئیسپانی ( ABA ) داڕێژراوە . بڕوانە : (سەروا ، د.عەزیز گەردی ،هەولێر، ١٩٩٩ ،ل١٩٩ ). |
| ٧٢- وەلات و دلێ من<br>L | د.کامران عالی بەدرخان | نیشتیمانی | ١٤ | ٣<br>Lat<br>ini | /١٢/٣١<br>١٩٣٢ | پارچەکەبریتییە لە ١٨هەژدە بەیت و لەسەر کێشی هەزەجی شەشی مەحزووف داڕێژراوە بەمشێوەیە :<br>( مفاعیلن / مفاعیلن / فعول ) ×٢سەرواکەشی مەسنەوی جووتقافیەیە . |
| ٧٣- دادێ<br>L | قەدری جان | پیاهەڵدان بەسەر گۆڤاری هاوار دا | = | = | = | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی ١٤ بڕگەیی و بەدەستە پێی ٧+٧ و هەروەها دەکرێت بە دوو (٤+٣ )یی دەستنیشانیانبکەین .قاڵبەکەشی پێکهاتووە لە ٦شەش بەندە چوارینە ، جگە لە چوارینەی یەکەم کە لە جۆری دووبەیتیی باباتاهیرییە ( AABA ) پێنج چوارینەکەی دوایی لەجۆری کوردی فارسییەکەیە ( AAAB ) :<br>(AABA,CCCA,DDDA,EEEA,FFFA,GGGA ) ،ئەوەی جێی سەرنجە ئەم جۆرە ڕێکخستنە یاخود کلێشەیە لە نموونەی قاڵبە چوارینەکان لەسەرچاوەکەی:<br>(سەروا،د.عەزیزگەردی،هەولێر،١٩٩٩،ل١٩٩). بەرچاوناکەوێت! . |
| ٧٤- هەنەك<br>L | د.کامران عالی بەدرخان | وەسف | = | ٤<br>= | = | کێشی پەنجەیی٧ حەوت بڕگەیی وبەدەستەپێی (٤+٣) سەرواکەشی لەسەر قاڵبی ١٣ سیانزدە بەندە چوارینەی تەواو موسەررەع پێکهاتووە و بەشێك لەریزبەندیی‌چوارینەکانی پارچە شیعرەکە بەم شێوەیە :<br>(AAAA/BBBB/CCCC/DDDD/.............. ) |
| ٧٥- ژ کرییاران را<br>ع | جگەر خوێنی کوردی | شیعری میللی تێکەڵ بە عەرەبی | = | ٢<br>تیپ<br>ی<br>عەر<br>ەبی | = | کێشی پەنجەیی٧ حەوت بڕگەیی وبەدەستەپێی (٤+٣) سەرواکەشی لەسەر قاڵبی ١١ یانزدە بەندە چوارینەی موسەممەتی هەمەڕەنگ پێکهاتووە یەکەم بەندەچوارینەی لە جۆری ( ئەوروپیی) یەکەیە ودووەم وچوارەم وشەشەم بەندەچوارینەی لە جۆری<br>( فارسی – کوردی) یەکەیەوسێیەم بەندەچوارینەشی لە جۆری (فەرەنسی – تورکی ) یەو ئەوانی دیکەش لەجۆری چوارینەی (نویٚ – ABCD) ن و ریزبەندیی ئەو بەندە چوارینانەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە :<br>(ABCB/DDEB/FGGB/HHIB/HJKB/LLMB/AGNB/OPQB/RSTB/UVWB/XYUB ). |
| ٧٦- ما ئەم تەنێ<br>ع | مستەفا ئەحمەد بۆتێ | نامۆبوون بۆ نیشتمان | = | = | = | کێشی ئەم پارچەیە ٨ بڕگەییە و بەدەستەپێی<br>( ٤+٤ ) دانراوە و سەرواقاڵبەکەشی بریتییە لە قەسیدەیەکی ١٦ بەیتی . |
| ٧٧- بۆ خاوەن هاوار<br>ع | شهرزور – ئاپتین | نیشتیمانی | = | ٤ | = | لەسەر کێشی عەرووزی ( هەزەجی هەشتی تەواو ) :<br>( مفاعیلن/مفاعیلن/ مفاعیلن/ مفاعیلن) ..<br>پارچەقەسیدەیەکە لە ٢٢ بەیت پێکهاتووە کۆتایی دووەم لەتی هەموو بەیتەکانیشی هاوسەروان . |
| ٧٨- هۆ جگەرخوین<br>ع | ئەسیری | نامەی شیعری سەبارەت بە رزگاری گەل و گرێدانیان بەزانست و خوێندن | = | ٥ | = | ئەم شیعرە لەسەر کێشی عەرووزی رەمەڵی هەشتی مەحزووف: ( فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ) دانراوەو سەروای تەواوی پارچەکە ٧ بەیتییە و...<br>( غەزەل ) ە . .بڕوانە :<br>( عبدالصمد أسلام طە – سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٨) . |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧٩- بەلێ ئەم مان<br>ع | مستەفا ئەحمەد بۆتی | نامۆبوون بۆ نیشتمان | = | ٧ | = | کێشی ئەم پارچەیە بڕگەییە و بەدەستەپێی ( ٤+٤ ) دانراوە و سەرواقاڵبەکەشی بریتییە لە ٥ پێنج بەندە چوارینەجۆری تەواو ( موسەررەع ) ، جگە لە بەندی یەکەمی نەبێت ، کەسەروای هەرچوار لەتەکانی بریتییە لە سەروای (ما)،بەڵام سەروای کۆتایی چوار لەتی بەندەکانی دیکەی پارچەکە هاوسەروان و بریتییە لە سەروای :<br>( مان ) ریزبەندیی تەواوی سەروای بەندە چوارینەکانی پارچەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە :<br>(AAAA/BBBB/BBBB/BBBB/BBBB/) |
| ٨٠- دڕی شەهسوار<br>ع | ئەسیری | پێدا هەڵدان بەسەر هاوار | ١٤ | ٧ | | ئەم پارچەیە غەزەلە وکێشەکەشی کێشی هەمەڕەنگی بڕگەیی تێددا بەکارهاتووە ، بەجۆرێك ، کە لە بەیتی یەکەمی شیعرەکەدا کێشی (١٣بڕگەیی ) بە ڕەزمی ( ٤+٤+٥ ) و لەتەواوی بەیتەکانی پارچەکەش کێشی خۆماڵیی (١٠بڕگەیی ) بەرەزمی (٥+٥)بەکارهاتووە و سەروای دووەم لەتی بەیتەکانی غەزەلەکەش (ار)ە . |
| ٨١- خەمی ضالَم<br>ع | مچۆ میللی | نیشتیمانی | ١٤ | ٧ | /١٢/٣١<br>١٩٣٢ | لەبەر بوونی هەڵەی چاپی تێکچوونی هاوسەنگی بڕگەکان لەم پارچە شیعرەدا نەکرا ، کە جۆری کێشی شیعرەکە بناسرێتەوە وسەرواقاڵبی ئەم پارچە شیعرە بریتییە لە ٥ پێنج بەندە چوارینەی( تەواو – موسەررەع )وریزبەندیی ئەو چوارینانەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە :<br>(AAAA/BBBB/CCCC/DDDD/EEEE) |
| ٨٢- سکاڵا لە تەك گردی سەیواندا<br>ع | هێمن | لاواندنەوە | ١٤ | ٨ | = | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی ١٠ بڕگەیی و بەدەستەپێی خۆماڵی کوردیی (٥+٥) داڕژاوەو سەروای قاڵبەکە هەشتینەی تەرجیعبەندە وبریتییە لە ٥ پێنج بەندە قاڵبی هەشتینەیی و ریزبەندیی ئەم پارچەیەش بەم شێوەیەیە :<br>(AABBCCCC/DDDDDDCC/DDDDDDCC/DDDDDDCC/<br>EEFFGGCC). |
| ٨٣- شێر و پلنگ و رۆڤی ع | = | چیرۆکە شیعری باسنیایی | ١٤ | ٨ | = | کێشی پەنجەیی٧ حەوت بڕگەیی وبەدەستەپێی (٤+٣) سەرواکەشی ..بریتییە لە ١٠ دە بەیتی مەسنەوی . |
| ٨٤- هاوار<br>ع | (هاوار)...میر جەلادەت بەدرخان | بانگەوازی | = | ٨ | = | کێشی ئەم پارچەیە ٧ بڕگەییە و بەدەستەپێی ( ٤+٣ ) دانراوەو بریتییە لە تەنها یەك بەندە چوارینەی جۆری ( دووبەیتیی باباتاهیری ) . |
| ٨٥- کولیلکێن عەزێب<br>L | د.کامران عالی بەدرخان | دڵداری | ١٥ | ٢ | ١٩٣٣/١/٢٣ | بەزمانێکی کوردیی رەوان.. لەسەر کێشی ١١ بڕگەیی بە ڕەزمی ( ٦+٥) داڕژاوە و سەروا قاڵبەکەشی بریتییە لە ٧ حەوت بەیتی مەسنەوی جووتقافیە . |
| ٨٦- هەڤین<br>L | = | = | ١٥ | ٤ | = | کێشی ئەم پارچەیەش وەك کێشی شیعرەکەی سەرەوە ی شاعیرە واتە: ( کولیلکێن عەزێب ) ە وبە کێشی ١١ بڕگەییەو بەدەستەپێی ( ٦+٥ ) داڕژاوە ، سەروا قاڵبەکەشی بریتییە لە ١٧ بەیتی مەسنەوییە و شاعیر لەوێدا بەیتی یانزەیەمی لە کۆتایی پارچەکە دووبارەکردووەتەوە . |
| ٨٧- بێرییا وەلێت<br>ع | مستەفا ئەحمەد بۆتی | نیشتمانپەروەری | ١٥ | ٣ | = | کێشی پەنجەیی٧ حەوت بڕگەیی وبەدەستەپێی (٤+٣) داڕژاوە و سەرواکەشی لەسەر قاڵبی مەسنەویی ( لەتی بەرامبەر یەك ) ە و تەواوی پارچەکەش لە ١٤ بەیت پێکهاتووە . |
| ٨٨ – کووی گەلان<br>ع | عبدالخالق ئەسیری | نیشتیمانپەروەی | = | ٤ | = | کێشی ئەم پارچەیە عەرووزییە و لەسەر بەحری هەزەجی شەشی مەحزووف(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)×٢ و قاڵبەسەرواکەشی بریتییە لە ١٢ دوانزدە بەندی شەشینەی جۆری (ABABAB) ودوا بەندە قاڵبیشی بریتییە لە هەشتینەیەکی جۆری ( ABABABCC) . |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨٩- دەلالا چاڤڕەش<br>ع | عەبدولڕەحمان فەوزی | | ١٥ | ٥ | = | کێشی پەنجەیی٧ حەوت بڕگەیی وبەدەستەپێی (٤+٣) داڕژاوە و سەرواکەشی لەسەر قاڵبی بەندە شەشینەی تەرجیعبەندییە ، کە لەتی پێنجەم و شەشەمی بریتییە لە بەیتێکی هاوسەروا ، کە لە کۆتایی هەموو بەندە شەشینەکانی پارچەکە جێیگرتووە و بریتتیە لە ٨ هەشت بەندە شەشینە بەجۆرێك ، کە ٤ چوار بە ندە شەشینەی سەرەتای پارچەکە لە جۆری ( مەسنەوی – AABBCC)یە و چوارەکەی ىدیکەشی لە ( تورکی فارسی AAAABB–) یەکەیەوریزبەندیىبەندە شەشەینەکانىئەم پارچەیەشبەم شێوەیەی خوارەو ەیە:<br>(AABBCC/DDEECC/FFGGCC/HHIICC/JJJJCC/ KKKKCC/LLLLCC/MMMMCC) . |
| ٩٠- بۆ خانمێك<br>ع | گۆران | دڵداری | ١٥ | ٧ | = | غەزەل لەسەر کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقسو (مفعول مفاعیلن مفاعیلن فعولان) بڕوانە:(عبدالصمدأسلام طه – سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٥ ) . |
| ٩١- دەست ژیٚ بوو<br>L | (نەوزاد) :قەدریجان | | ١٦ | ٤ | ١٩٣٣/٢/١٥ | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی ١٠ بڕگەیی و بەدەستەپێی خۆماڵی کوردیی (٥+٥) داڕژاوەو تەواوی پارچەکەش بەسەروای بەیتی مەسنەوی داڕێژراوە . |
| ٩٢- کانی ئاخا کوردان<br>ع | مستەفا ئەحمەد بۆتی | نیشتمانی | ١٦ | ٢ | | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی ١٤ چواردە بڕگەیی و بەدەستە پێی (٧+٧ ) ولە سەروا قاڵبی سێیینەییە و پێکهاتوە لە ١٠ بەندە سێیینە و یەکەمیان لە جۆری تەواو –موسەررەع وئەوانی دیکە لە جۆری بەندە سێیینەی (تورکی )ییە و ریزبەندیی ئەم تێکستە شیعرەش بەم شێوەیەی خوارەوە یە:<br>(AAA/BBA/CCA/DDA/EEA/FFA/GGA/HHA/IIA/JJA) . |
| ٩٣- سترانا چیایەکی<br>ع | د.کامران عالی بەدرخان | نیشتمانی | = | ٦ | = | کێشی ئەم پارچەیەش وەك کێشی شیعرەکانی دیکەی شاعیرە واتە نموونەی شیعرەکانی: ( کولیلکێن عەزێب، هەڤین ) ە وبە کێشی ١١ بڕگەییەو بەدەستەپێی<br>( ٦+٥ ) داڕژاوە ،ئەم پارچەیەش بریتییە لە ٦ شەش بەیتی جوتقافیەیە (مەسنەوی) . |
| ٩٤- ل بەرتربا شێخ سەعید<br>L | د.کامەران عالی بەدرخان | لاواندنەوە | ١٧ | ٣ | ١٩٣٣/٣/٦ | کێشی هەمەڕەنگ و شیعری ئازاد ، پەخشانە شیعر. |
| ٩٥- کوردستانا بیٚ دبستان<br>ع | مستەفا ئەحمەد بۆتی | نیشتمانی | = | = | = | کێشی ئەم پارچە شیعرە لەسەر کێشی حەوت ٧ بڕگەییە و بە رەزمی ( ٤+٣ ) داڕێژراوە و قاڵبە سەروای شیعرەکە بریتیە لە دە ١٠ بەندە سێیینەی تەواو :<br>( موسەررەع -AAA) ، بەڵام (د.عبدألصمد اسلام طه)دەڵیٚ :ئەم پارچەیە بە موستەزاد نوسراوە ، کەواتە هەردوو قاڵبەکەی پێکاوە ، ئەگەر چی شیعری پێشووی شاعیر هەر بە قاڵبی سێیینە داڕژابوو ، دەکرێ بە دڵنیاییەوە بڵێین ئەم پارچەیەش هەر لەسەر قاڵبی سێیینەیە ، چونکە کێشی تەواوی هەرسیٚ لەتەکانی بەندە سێیینەکانی پارچە شیعرەکە هاوکێشە لە کێشە بڕگەییەکەو ریزبەندیی بەندە سێیینەکانی شیعرەکەش بەم شێوەیە:<br>(AAA/BBB/CCC/DDD/EEE/FFF/GGG/HHH/III/JJJ ). |
| ٩٦- تولا کارۆلین<br>ع | میرجەلادەت بەدرخان | نیشتمانپەروەری<br>(چیرۆکە شیعر) | = | ٦،<br>٧ | = | کێشی ئەم پارچەیە بڕگەییە و لەسەر کێشی ١٣ سیانزدە بڕگەییە و بە دەستەپێی :( ٣+٤+٤+٢ ) سەروا قاڵبی ئەم شیعرە بریتییە لەپارچە شیعرێکی مەسنەوی درێژ ، کە لە ٦١ بەیت و لەتێك پێکهاتووە و لەوە دەچێت لەکاتی چاپدا لەتێك پەڕیبێت . |
| ٩٧- ژکتێبا گۆرانی<br>L | ئەسیری | نیشتیمانی<br>و<br>فلاشباکێك بۆ مێژوو | ١٨ | ٢ | ١٩٣٣/٣/٢٧ | غەزەلێکە و بەداخەوە لەچاپەکەدا هەروەکو دیارە بەیتی لیٚ پەریوە وکێشەکەشی عەروزییەولەسەر بەحری :<br>( هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور –- مفعول مفاعیلن مفاعیلن فعولان )… بڕوانە<br>:(عبدالصمدأسلام طه – سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٥ ) . |
| ٩٨- گۆتنا گەور<br>L | ئیبراهیم مەلا | ( ڕۆمانتیکی )<br>تابلۆیەك لە نائومێدی | ١٨ | ٢ | ١٩٣٣/٣/٢٧ | کێشی شیعرەکە بڕگەییە و لەسەر کێشی ٨ هەشت بڕگەیی و بە رەزمی (٤+٤ ) دانراوە ، ئەم پارچە شیعرەش بریتییە لە ١٥ پانزدە بەیتی مەسنەوی . |
| ٩٩- جهابا دایکی<br>ع | میرجەلادەت بەدرخان | نامەی شیعری بۆ قەدریجان | = | ٣ | = | کێشی ئەم پارچە شیعرە لەسەر کێشی حەوت ٧ بڕگەییە و بە رەزمی ( ٤+٣ ) داڕێژراوە و قاڵبە سەروای شیعرەکە بریتیە لە ٢٦ بەیتی مەسنەوی . |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٠- ( شەهناما شەهیدان)* <br>ع | جگەر خوێنی کوردی | = | ١٨<br>١٩ | ٥<br>٤،٥ | = | کێشی ئەم شیعرە ١١ بڕگەییە و بەدەستە پێی : ( ٤+٤+٣) دانراوە وپارچە شیعرێکی درێژە و بریتییە لە ٣٨ بەیتی مەسنەوی . |
| ١٠١- ڕۆژا نوو<br>ع | د.کامران عالی بەدرخان | نیشتیمانی | = | ٨ | = | کێشی ١٠ بڕگەییەکەی بەکارهێناوە، کە بەدەستەپێی :(٥+٥) دایڕژتووە و سەروافاڵبی شیعرەکەش بریتییە لە ٩ نۆ بەیتی مەسنەوی ، کەلەوێدا شاعیر بۆجارێك چوارەم بەیتی لە کۆتایی شیعرەکە دووبارەکردووەتەوە . |
| ١٠٢- وەلاتێ کوردان<br>ع | ع.حەسەن | نیشتمانپەروەری | = | = | = | کێشی ئەم تێکستە شیعرە لەسەر کێشی خۆماڵیی ١٠ بڕگەیی و بە ڕەزمی : ( ٥+٥ ) داڕێژراوە وسەروا قاڵبەکەشی بریتییە لە ١٤ بەیتی مەسنەوی . |
| ١٠٣- سرحدان<br>ع | مچۆ ملی | = | ١٩ | ٣ | ١٩٣٣/٤/١٧ | کێشی ئەم پارچە شیعرە لەسەر کێشی حەوت ٧ بڕگەییە و بە ڕەزمی ( ٤+٣ ) داڕێژراوە و قاڵبە سەروای شیعرەکە بریتیە لە ٢بەندە چوارینەی جیاواز ، کە یەکەمیان لەجۆری چوارینەی ( تەواو – موسەررەع ) و ئەوی دییان لە جۆری ( باباتاهیری) یە و ڕیزبەندیی ئەم شیعرەش بەم شێوەیە : (AAAA / BBCB ) |
| ١٠٤- شیعرێکی بێ ناونیشان<br>ع | ( م ... ) | نیشتیمانی | ١٩ | ٦،<br>٧ | = | کێشی ئەم تێکستە شیعرە لەسەر کێشی خۆماڵیی ١٠ بڕگەیی و بە ڕەزمی : ( ٥+٥ ) داڕێژراوە وسەروا قاڵبەکەشی بریتییە لە ٢٠ بەندە چوارینە ، کە بە سەر ٣ سێ جۆر چوارینە دابەشبووە .بەجۆرێك ،کە چوارینەی یەکەمیان لە جۆری ( دوو مەسنەوی) یە و بەندە چوارینەکانی : ( ٢، ٨،٣،٤،٥، ٩ ،١٤، ١٥، ١٧، ١٨ ، ١٩ ، ٢٠ ) لە جۆری چوارینەی (بابە تاهیری) یە وبەندەکانی : ( ٦ ، ٧ ،١٠ ، ١١ ، ١٢ ، ١٣ ، ١٦ ) شێوازی ئەم پارچە شیعرە لە ژێر کاریگەریی شیعرەکانی مەولەوییە .. . |
| ١٠٥- وەلات<br>L | ئاغایێ مردێسی (ئەحمەدێ مێردینی) حوسێن حەبەش، (راپەرینا چاندا کوردی ، ل ١١٣ ) | نامۆبوون بۆ ولات | ١٩ | ٢ | = | قەسیدەیەکی ٨ هەشت بەیتییە و قاڵبی شیعرەکەشی (سەروای ستوونی )،کەسەروای هەموو بەیتەکان یەکن ، واتە هاوسەروان . |
| ١٠٦- لاڤە لاڤ<br>L | عوسمان سەبری | نامۆبوون بۆ ولات | ٢٠ | ٥،٤<br>٣، | ١٩٣٣/٥/٨ | کێشی ئەم پارچە شیعرە درێژە ...بڕگەییە و لەسەر کێشی خۆماڵیی ١٠ دە بڕگەییە و بەدەستەپێی : ( ٥+٥ ) داڕژاوە و سەرواقاڵبی شیعرەکەش بریتییە لە ١٠٠ سەد بەیتی مەسنەوی . |
| ١٠٧- ڕەڤاندن<br>L | د.کامران عالی بەدرخان | ئازادیی ژن ودڵداری و خواستە کپکراوە سێکسییەکانکان | ٢٠ | ٥ | = | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی ١٤ بڕگەیی و بەدەستە پێی ٧+٧ و هەروەها دەکرێت بە دوو (٤+٣ )یی دەستنیشانیانبکەین .قاڵبەکەشی لە ١٣ سیانزدە بەیتی مەسنەوی پێکهاتووە . |
| ١٠٨- جهابا لاوانی ل دییا هاوارێ<br>ع | قەدری جـان | نامەی شیعری بـۆ گۆڤاری هاوار | = | ١١ | = | کێشی ئەم پارچە شیعرە لەسەر کێشی حەوت ٧ بڕگەییە و بە ڕەزمی ( ٤+٣ ) داڕێژراوە (بڕوانە:مەریوان عومەر دەوڵەت – قەدری جان ژیان و بەرهەم...ل٢٠٤ ) وسەروا قاڵبەکەشی پێکهاتووە لە٨ هەشت بەندە چوارینە،کە٧حەوتیان لە جۆری (دووبەیتی باباتاهیری ) و ئەوی دیش ، کە سێیەم بەندە چوارینەکەیە لەجۆری ( تەواو – موسەررەع )ە و ڕیزبەندیی چوارینەکانی پارچە شیعرەکەش بە شێوەیە : (AABA/CCDC/EEEE/FFGF/HHIH/JJIJ/KKLK/MMNM) . |
| ١٠٩- مارشا سەگمانان<br>ع | میر جەلادەت عالی بەدرخان | نیشتیمانی | ٢٠ | ١١ | = | بەکارهێنانی کێشی هەمەڕەنگی خۆماڵی : (٨) و(٧) بڕگەیی وقاڵبەسەروای شیعرەکەش بریتییە لە ٧ حەوت بەندە چوارینەی ئینگلیزی . |
| ١١٠- بەرخەکێ هاوارێ<br>ع | حەبەش ئیسماعیل | پێداهەڵدان بەسەر گۆڤاری(هاوار) | = | ١١ | = | کێشی ئەم پارچە شیعرە لەسەر کێشی حەوت ٧ بڕگەییە و بە ڕەزمی ( ٤+٣ ) داڕێژراوە و قاڵبە سەروای شیعرەکەش بریتیە لە ١١ بەیتی مەسنەوی . |

* ئەم شیعرە درێژەی جگەرخوێن بەدوو بەش ولەدووژمارەی جیاوازی (١٨ ) و (١٩) ی گۆڤاری ( هاوار )دا بڵاوکراوەتەوە .

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دا | | | | |
| ١١١– سەرخوە بوونا مریشکان ع | جگەر خوێن | چیرۆکە شیعری میللییانە | - | ١٢ | - | کێشی ئەم پارچە شیعرەش هەر لەسەر کێشی حەوت ٧ بڕگەییە و بە رەزمی ( ٤+٣ ) داڕێژراوە و قاڵبە سەروای شیعرەکەش بریتیە لە ٤٦ بەیتی مەسنەوی . |
| ١١٢ – دیلبەر ع | مستەفا ئەحمەد بۆتیێ | دڵداری | - | - | - | بەڕای (عبدالصمد اسلام طه ) کێشی ئەم پارچە شیعرە عەروزییە و لەسەر بەحری ( هەزەجی چواری تەواو – (مفاعیلن مفاعیلن)×٢ بڕوانە : (هەرئەو سەرچاوەیە ..... ل ٥٧ )بەڕای من دەکرێت بڵێین: ( کێشی ئەم پارچە شیعرە بڕگەییەو لەسەر کێشی ٨ هەشت بڕگەیی و بە رەزمی ( ٤+٤ ) داڕێژراوە ...، چونکە کێشەکە زێتر بەلای بڕگەییەکە دەشکێتەوە وەك لە ( عەرووزی )یەکە... ، سەرواقاڵبەکەشی بریتییە لە هەشت بەندە چوارینەی تەواو ( موسەررەع – AAAA) ی سەروا جیاواز لەیەکدی و ریزبەندیی بەندەچوارینەکانیشی بەم شێوەیەیە : (AAAA/BBBB/CCCC/DDDD/EEEE/FFFF/GGGG/HHHH) . |
| ١١٣– ژ دوورڤە L (پەخشانە شیعر ) – شیعرا مەنسوور ژ نووریێ منیێ دەلال محەمەد بەگ رە | عوسمان سەبری | ( نامەی شیعری ) تابلۆیەك لەنائومێدی و گەشبینی بە زمانێکی کوردی پاراو | ٢١ | ٤ لاتینی | ١٩٣٣/٦/٥ | زمانێکی پاراو وپەتیی نایاب ,کێشی بڕگەیی هەمەڕەنگ ، پەخشانە شیعر |
| ١١٤– پەیامەکا جەگەرخوین ع (ژعوسمان سەبری رە) | جەگەر خوین | نامەی شیعری بۆ عوسمان سەبری | - | ٢ | - | ئەم پارچەیە (غەزەل )ەو قاڵبەکەشی بە سەروای ستوونی داڕێژراوە ، واتە دوا سەروای بەیتەکان هاوشێوەن . |
| ١١٥– ئەز بشورم ع | أبو عناد | نیشتمانپەروەری | - | ٧ | - | پارچەیەکی قاڵبەپێنجینەیە و کێشی لەتە شیعرییەکانی ٧ حەوت بڕگەییە و بەدەستەپێی (٤+٣) داڕێژراوە وپارچەکەشی لەسەر پێنج بەندە پێنجینەی تەرجیعبەند پێکهاتووە ، تەواوی بەندەکانی لەجۆری (AABBC ) یەو واتە چوار لەتی پێشەوەی پێنجینەکان بریتین لە دوو بەیتی مەسنەوی و هەموو قاڵبەکەش بەمشێوەیە : (AABBC/DDEEC/FFGGC/HHIIC/JJKKC) . |
| داستان : ١١٦– (فرماناکوردان) (ژجگەرخوینیێ جگرخوین رە) ع | رەمۆیێ قەنجۆ | - | - | ٧، ٨ | - | کێشی شیعرەکە ١٠ بڕگەییە وبەدەستەپێیەکانی(٥+٥)دانراوە،ئەم هەڵبەستەلە سێ پارچەقاڵبی بەندە چوارینەیی پێکهاتووە،یەکەمیان بریتییە لە ٧ بەندە چوارینەو دوومیان ٨ بەندە و سێیەمیشان بریتییە لە ٧ بەندە چوارینە..جگە لە بەندە چوارینەی یەکەم نەبێت ، کە لەجۆری تەواو(موسەررەع–AAAA ) ە،..ئیدی تەواوی چوارینەکانی هەرسێ پارچەکە لە جۆری دووبەیتی مەسنەوین ( BBCC ) . |
| ١١٧– بۆ خاوەنی هاوار ع | لاوێکی کورد (عەونی ) کۆیسنجاق١٩٣٣/١/٢٤ | - وەسفی میر جەلادەت ( نامەی شیعری) | ٢٢ | ٢ | ١٩٣٣/٧/١ | کێشیشیعرەکە لەسەر بەحری( هەزەجی هەشتی تەواو ) داڕێژراوە بڕوانە:(عبدالصمدأسلام طه – سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٥ ) شاعیر لە چوارەم وپێنجەم لەتی هەموو بەندە قاڵبەپێنجخشتەکییەکانیدا ، دانە بەدانە بەیتێ لە پارچە شیعری( بۆ خاوەنی هاوار – لەشارەزوور ئاپێن ) وەرگرتووە و دایچاندووە و واتە تەواوی هەردوو ٢٢ بەیتەکەی ئەو پارچە شیعرەی لە بەندە پێنجخشتەکییەکانیدا داچاندووە ، ئەم پارچە شیعرەش هەر بریتییە لە ٢٢ بەندە پێنجخشتەکی داچنراو ( موسەممەت ) ، تەواوی بەندە پێنجخشتەکانیشی لە جۆری (AAAAB) . |
| ١١٨– وەفدی کوردستان ع | پیرەمێرد | ریالیستی رەخنەگرانە ( نیشتیمانی ) | - | ٤ | - | کێشی پارچەکەش لەسەر کێشی خۆماڵی کوردیی ١٠ دە بڕگەییە و بەریتمی ( ٥ + ٥ ) داڕێژراون ...، ئەم پارچەیە پێکهاتووە لە ١١ بەیتی مەسنەوی . |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١١٩- تولا باڤان<br>ع | هەڤال شكری | نیشتیمانی | = | ٤ | = | ئەم پارچەیە لەسەر كێشی ١١ بڕگەیی و بەدەستەپێی (٦+٥)داڕژاوە وپارچەكەش پێكهاتووە لە ٧ حەوت بەندن پێنجینە و ئەمانەش لەسەر قاڵبە سەروای پێنجینەی تەرجیعبەند ڕێكخراون وتەواوی بەندە پێنجینەكانی پارچەكە لە جۆری (AAABB ) یەوهێما سەروای ( BB ) ش بەیتە تەرجیعبەندییەكەیە ، ریزبەندیی ئەم پارچەیەش بەم شێوەیە:<br>(AAABB/CCCBB/DDDBB/EEEBB/FFFBB/GGGBB/HHHB) . |
| ١٢٠- ئاخ و كەسەر<br>ع | مستەفا ئەحمەد بۆتی | نائومێدی و دەردی میللەت | = | ٥ | = | كێشی ئەم پارچە شیعرە بڕگەییەو لەسەر كێشی ٨ هەشت بڕگەیی و بە ڕەزمی ( ٤+٤ ) داڕێژراوە سەرواقاڵبی ئەم تێكستەشیعرە بریتییە لە ٢٥ بیست و پێنج بەیتی مەسنەوی . |
| (لە بۆ جڤاتا میللەتان)<br>١٢١-نامەیەكی شیعری بۆ<br>(عصبة الأمم )<br>ع | سەلام | ریالیزمی ڕەخنەگرانی | = | ٧ | = | كێشی پارچەكەش لەسەر كێشی خۆماڵی كوردیی ١٠ دە بڕگەییە و بەریتمی ٥ + ٥ داڕێژراون ...،<br>سەروای قاڵبی ئەم پارچە شیعرە ، دوانزدەخشتەكییەكی تەرجیعتەركیببەندییە،كە ئەمەش زۆر كەمە لە شیعری كوردیدا!!،ئەم قاڵبەبریتییە لە ٤ چوار بەندە قاڵبی دوانزدەیی وبە دووبارەبوونەوەی دوالەتی كۆتایی ودووبارەیی جووتسەروایی‌یەك لەبەیتی كۆتایی بەم شێوەیە :<br>(AABBCCDDEEFF) واتە هێماسەروای (FF)دووبارەدەبێتەوە لە كۆتایی هەرچوار دوانزەخشتەكییەكە . |
| ١٢٢- ( هەی دنیا فانی )<br>ع | قەدری جان لەژێرناوی (نەوزاد)دا | نائومێدی | = | = | = | دیسان كێشی ئەم پارچەشیعرەش لەسەر كێشی خۆماڵی كوردیی ١٠ دە بڕگەییە و بەریتمی ٥ + ٥ داڕێژراون ...،قاڵبی شیعرەكە چوارینەیە وپێكهاتووە لە ٨ هەشت بەندە چوارینەی تەرجیعبەند،لێ لەتە تەرجیعبەندەكە،لەسێیەم لەتی هەموو چوارینەكان جێیگرتووە و بەمجۆرە:<br>( AAbB/CCbB/DDbB/EEbB/FFbB/GGbB/HHbB/IIbB )<br>تیپی (b ) ی بچكۆلە هێماسەروای لەتە تەرجیعییەكەیە . |
| ١٢٣- بەردێلك<br>ع | لاویٚ فندی | نامەیەكی شیعرییە بۆ( قەدری جان) سەبارەت بە زۆرداری دوژمنی تورك لەسەر كوردان . | = | ٩ | = | پارچە شیعرەكە لەسەر كێشی ٨ بڕگەیی و بەدەستەپێی ٤ +٤ دانراوە و قاڵبی پارچەكەش زێتر چوارینەیە وسەرەتا بە شەشینەیەك دەستپێدەكات وپاشان ٨ هەشت بەندەچوارینەی بەدوادادێت،جگە لە دووەم بەندەچوارینەی پارچەكە ،كە لەجۆری (تەواو)ە،ئیدی هەموو چوارینەكانی دی بەشێوەی دووبەیتیی باباتاهیری داڕێژراون ..بەم شێوەیە :<br>(AABACA/DDED/FFFF/GGHG/IIJI/KKLK/MMNM/OOPO/QQRQ ). |
| ١٢٤- خوە ناس بكن<br>ع | ب. فەرەیدون | نیشتیمانی.. گەڕنەوە بۆ مێژووی نەتەوە | ٢٣ | ٩ | ١٩٣٣/٧/٢٠ | پارچە شیعرێكی درێژی مەسنەوییە و لە ٤٧ بەیتی مەسنەوی پێكهاتووە و كێشەكەشی ١٠ بڕگەیی وبە ڕەزمی (٥+٥)ە . |
| ١٢٥- دلمەستی<br>L | ئەڤین جیوەلەك | بادەنۆشی/عەشق | = | ٥ | = | لەسەر كێشی ١٤ بڕگەیی و بەدەستەپێیەكانی (٧+٧) داڕێژراوە ،قاڵبی شیعرەكەش بریتییە لە ٣ سیٚ چوارینەی كوردی وفارسی،كە یەكەمیان لە جۆری باباتاهیرییە و دووەم و لەجۆری چوارینەباوی (AAAB ) ی كوردی فارسییە ، ریزبەندی ئەم قاڵبەچوارینەیەش بەمجۆرەیە:<br>( AABC /DDDC / EEEC ) |
| ١٢٦- پەندنـامە * | جەگەر خوێن | نیشتیمانی | ٢٤ | ٧<br>٦٣<br>٥ | ١٩٣٤/٤/١ | كێشی ئەم پارچە شیعرە ١١ بڕگەییە و بەپێی دەستەپێی ( ٤+٤+٣ ) داڕێژراوە و تەواوی پارچەكەش لە ٣٨ بەیتی مەسنەوی پێكهاتووە . |
| ١٢٧- دێرك | (نەوزاد) نازناوی شاعیر ( قەدری جان)ە | وەسفی شاری (دێرك) ی زێدگای (قەدری جان ) ە . | = | = | = | كێشی ئەم پارچە شیعرە ٧ حەوت بڕگەییە و لەسەر قاڵبی چوارینە و پێكهاتووە لە ١٤ بەندە چوارینە ،سەروا و جۆری چوارینەكان تێكڕا لە جۆری(شكسپیری) ن : (ABAB ). |

* ئیدی لەم شیعرەوە و لەم ژمارەیەی گۆڤاری ( هاوار)دا شێوەنووسینی گۆڤارەكە بەیەكجاری دەبێت بە شێوەنووسینی لاتینی ، لەبەرئەوە لێرەوە پێویست بەدانانی هێما ناكات .

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٨- خەونامەواری | مستەفا ئەحمەد بۆتی | بەرگری بەوێنەی شیعری | - | ٩ | - | ئەم پارچە شیعرە لەسەر کێشی خۆماڵی کوردیی ١٠ دە برگەییە و بەریتمی ٥ + ٥ دارێژراون ،قاڵبەکەشی بریتییە لە ١١ یانزە بەیتی مەسنەوی . |
| ١٢٩- بێرییا بۆتان | هەرەکۆڵ ئازیزان (میرجەلادەت عالی بەدرخان ) | لاواندنەوە بۆ ( گارسی) | ٢٥ | ٢ | ١٩٣٤/٤/١٩ | کێشی ئەم پارچە شیعرە ١١ یانزە برگەییە و بەپێی دەستەپێی ( ٤+٤+٣ ) دارێژراوە و تەواوی پارچەکەش لە ٥٤ بەیتی مەسنەوی پێکهاتووە . |
| ١٣٠- ئەز و دلبەر | جەگەر خوین | دڵداری | - | ٤<br>٦٥<br>٢ | - | ئەم پارچەیە کێشەکەی ( عەرووزی)یە و بەپێی بەحری :( هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف –مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن) دارژاوە ...بروانە :<br>( عبدالصمد أسلام طه – سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٦ ) لەسەر قاڵبی ( موستەزاد ) دارێژراوە وبریتییە لە ٢٠ بیست بەیتە شیعری موستەزادی . |
| ١٣١- شینا: شیخ عەبدولرەحمانێ گارسی | ب . فەرەیدون | لاواندنەوە بەسەر گارسی | - | ٥<br>٦٥<br>٣ | - | ئەم شیعرە لەسەر کێشی خۆماڵی کوردیی ١٠ برگەییە و بەریتمی ٥ + ٥ دارێژراون و بریتییە لە ٤ چوار پارچەو تەنێ لە پارچەی یەکەمدا شاعیر رووی لە هونەری داچنین ( موسەممەت ) کردووە و جۆری سەرواکانی تەواوی بەیتەکانی مەسنەوییە . |
| ١٣٢- وەلاتێ من | جگەر خوێن | نیشتیمانی | ٢٦ | ٤<br>٦٧<br>٠ | ١٩٣٥/٨/١٨ | ئەم شیعرە بریتییە لە قەسیدەیەکی ٢٩ بەیتی عەرووزییە و لەسەر کێشی بەحری : هەزەجی شەشی مەحزووف– ( مفاعیلن مفاعیلن فعولن) ×٢ دارژاوە . |
| ١٣٣- زۆزانێن بێلی ژۆەلاتۆ رە | لاووت | بەسەر سروشتی وڵاتدا | - | ٦<br>٦٧<br>٢ | - | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی ١٤ برگەیی و بەرەزمی (٤+٣)+(٤+٣ ) و سەروای قاڵبەکەی چوارینەیە وبریتییە لە ١١ بەندە چوارینە تێکرای چوارینەکانیش لە جۆر ی شکسپیرییە ( ABAB ) دیارە ئەم جۆرە فۆرمە لەبەکارهێنانەوەیچەندجاری هەمانجۆر لە بەندە چوارینەیەکی وەك شکسپیرییەکە زووتر لە ئەدەبی تورکی ئەودەمدا لەلایەن (جەناب شیهابەددین )ەوە بەکارهاتووە و کاریگەرییشی کردۆتە سەر شاعیرانی (هاوار) بەگشتی و<br>(میرجەلادەت بەدرخان)بەتایبەت.بروانە:<br>(سەروا،د.عەزیزگەردی،چ.وەزارەتیرۆشنبیری،هەولێر،١٩٩٩،ل٢١٢ . ) |
| ١٣٤- دەردێن جگەر خوێن | جگەر خوێن | چینایەتی دژی ئاغا و دەرەبەگ | ٢٧ | ٦<br>٦٩<br>٥ | ١٩٤١/٤/١٥ | کێشی ئەم پارچە قەسیە ( عەرووزی)یە و لەسەر بەحری هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوورە:<br>( مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن ).. بروانە:( عبدالصمد أسلام طه – سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٦ ) . |
| ١٣٥- مارشا خۆرتان | عوسمان سەبری | نیشتیمانی (سروود ) | - | ٧<br>٦٩<br>١ | | ئەم شیعرە لەسەر کێشی عەرووزی رەمەڵی هەشتی مەحزووف: ( فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ) دانراوەو سەروای تەواوی پارچەکە ( مەسنەوی )یە .بروانە :<br>( عبدالصمد أسلام طه – سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٨ ) . |
| ١٣٦-وەلاتێ تریڤریان | عوسمان سەبری | تەنز / چیرۆکە شیعری باسنیایی (ئاژەڵان ) | ٢٨ | ٦<br>٧١<br>٠ | ١٩٤١/٥/١٥ | ئەم پارچە شیعرە لەسەر کێشی ١٤ برگەیی و بەدەستە پێی ( ٧+٧) وتەواوی ئەم دەقە شیعرییە بریتییە لە ٢١ بەیتی مەسنەوی . |
| ١٣٧- ئەم ئارینە | جگەر خوێن | نیشتیمانی | ٢٨ | ٧<br>٧١<br>١ | - | کێشی هەمەرەنگیی برگەیی لە پارچەشیعرەکە بەکارهاتووە بەجۆرێك ، کە لە لەتەشیعرییەکانی پارچەکەدا کێشی(١٢ برگەیی)و بەرەزمی (٤+٤+٤) ە لەتە موستەزادەکانی شیعرەکەش لەسەر کێشی (٧برگەیی ) دانراون– ، سەرواقاڵبی شیعرەکەش (موستەزاد)ە . |
| ١٣٨- ب یەك بن (شێخ ،ئاغا، بەگ،گوندی،پالەهەمی برا،یێن هەڤن،ووەلات ب خەبات وغێرەتا وان هەمیان ئازابە ) | د.کامران عالی بەدرخان | - | ٢٨ | - | - | ئەم پارچە شیعرە لەسەر کێشی خۆماڵی کوردیی ١٠ دە برگەییە و بەریتمی (٥ + ٥) دارێژراون ،سەرواقاڵبەکەشی شەشینەیەو شەشینەی تەرجیعتەرکیببەندییە و بریتییە لە ٦شەش شەشینەی هەمەرەنگ بەم شێوەیەی خوارەوە:<br>(AABBCC/DDDDEC/FFGGCC/HHIICC/JJKKCC/AAAAEC) . |
| ١٣٩- مارشا رێچە ناسان | جگەر خوێن | - | ٢٨ | ٨<br>٧١<br>٢ | | ئەم شیعرە لەسەر کێشی عەرووزی رەمەڵی هەشتی مەحزووف: ( فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن ) دانراوەو سەروای تەواوی پارچەکە ( مەسنەوی )یە . |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٤٠- ئالا ڕەنگین | جگەر خوێن | - | ٢٩ | ٩ ٧٣ ٣ | ١٩٤١/٦/١٠ | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی (٨) هەشت برگەیی و بە ڕەزمی ( ٤+٤ ) داڕێژراوە ، لە جۆری قاڵبە سەروای ( مووە ششەح ) دانراوە . |
| ١٤١-کی ب یا من دکا | جگەر خوێن | - | - | - | - | چوارینەی هەمەڕەنگ نەخشاندنی جۆرەکانی چوارینە -ABAB) (CCDB-EEEB-FFFB-GGGB-HHHBبە کێشی (٨) برگەیی و بە ڕەزمی ( ٤+٤ ) داڕێژراوە . |
| ١٤٢- دلژانییا حاجۆ ئاغا | ئەحمەدێ نامی | لاواندنەوە | ٣٠ | ٥ ٧٤ ٩ | ١٩٤١/٧/١ | ئەم پارچە شیعرە بە کێشی ١٠ برگەیی و بەرەزمی (٥+٥) ی خۆماڵی دانراوەو - سەروای بەیتەکانی مەسنەوییە . |
| ١٤٣- دڤێ ئەم بین یەك | جگەر خوێن | نیشتیمانی | ٣٠ | ٥ ٧٥ ٠ | - | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی (٨) هەشت برگەیی و بە ڕەزمی ( ٤+٤ ) داڕێژراوە ، سەروا قاڵبی شیعرەکەش بە ٩ نۆ بەندە چوارینەی هەمەڕەنگ داڕێژراوە : ABAB-CDEB-FFFB........ . |
| ١٤٤- دنیا تاری | م.ئەحمەد بۆتی | رۆمانسی (نامۆیی) | ٣١ | ٧٧ ٣ | ١٩٤١/٨/١ | (غەزەل ) ە ، بەڵام سێیەم بەیتی پارچەکە لە سیستمەکە لادەداو بە جوت قافیە داڕێژراوە وە لە دێرەکانی تا کۆتایی دێتەوە سەر سیستمی بەیتەکانی (غەزەل) |
| ١٤٥- دلژارییەك | هشیار | دڵداری | ٣١ | ٧٧ ٧ | ١٩٤١/٨/١ | ئەم پارچە شیعرە، کە( غەزەل) ێکەو لە ١١ بەیت پێکهاتووە وبە زمانێکی کۆنی کلاسیك داڕێژراوە و شاعیر لەوێدا خۆی لە زمانە کلاسیکیەکە بەرنەداوە .. |
| ١٤٦- ئاگا هییەك | هشیار | ڕۆمانسی (نامۆیی) | ٣٢ | | ١٩٤١/٩/١ | ئەم شیعرە غەزەلەو لە ٩ نۆ بەیت پێکهاتووە, لە رووی زمانەوە ئەم شیعرە پاراوترە لە چاو شیعرەکەی پێشووی کە بە ناوی (دلژارییەك ) , وەڵێ لەملاو لەولای شیعرەکە هەندێ وشەی فارسیی و عەرەبی دەبینرێت . |
| ١٤٧- بلوورا من | سەیدایێ گەڕۆك | دڵداری | ٣٢ | ١٤ ٧٩ ٨ | - | ئەم پارچە شیعرە لەسەر بنەمای شیعری سەربەست و بە زمانێکی کوردیی پاراو داڕێژراوە ، سەرتاپای شیعرەکەش بریتییە لە ٦ شەش کۆپلەی هەمەڕەنگ . |
| ١٤٨- خەباتا هاوارێ | هشیار | پیاهەڵدان بەسەر (میرجەلادەت) | - | | - | ئەم شیعرە غەزەلەو لە ١١ یانزدە بەیت پێکهاتووە, لە رووی زمانەوە پاراو و جوانترە لە شیعرەکانی دیکەی . |
| ١٤٩- وەلات | سوبحیێ دیاربەکری | نیشتیمانی | ٣٤ | ١٣ ٨٣ ٧ | /١٠/١٥ ١٩٤١ | ئەم شیعرە لەسەر کێشی (٧) برگەییە ،وسەرواقاڵبەکەشی بریتییە لە ٥ پێنج بەندە چوارینەی کوردی وفارسی وبەم شێوەیە : (AAAB/CCCB/DDDB/EEEB/FFFB) |
| ١٥٠- جەنگا - جانی | م. ئە . بۆتی | نیشتیمانی بۆ هۆشیاریی نەتەوەیی | - | - | - | کێشی شیعرەکە عەروزییەو سەر بە بەحری هەزەجی شەشی مەحزووف - (مفاعیلن مفاعیلن فعولن )×٢ ،ئەم تێکستە بریتییە لە ١١ بەیتی (غەزەل ) و بەزمانێکی پاراو نووسراوە ، |
| ١٥١- هالان -ژخوەنداو منەوورانێن کورد | هشیار | نیشتیمانی | ٣٦ | ٨٦ ٩ | ١٩٤١/١١/١٢ | ١٠ دە بەیتی ( غەزەل ) ، کە بە کێشی عەروزی بەحری:( بەسیتی هەشتی مەتوی ...مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلن ) کێشراوە بروانە:( عبدالصمد أسلام طه - سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٠ ) . |
| ١٥٢- هێڤییا مە | صالح بامەڕنی ( صالح یوسفی ) بروانە:( عبدالصمد أسلام طه - ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا ، ل ٧١ ) | نیشتیمانی | ٣٩ | ٩٢ ٨ | ١٩٤٢/٢/١٥ | ئەم پارچەیە لەسەر کێشی ٨ هەشت برگەییەو بەدەستە پێی : ( ٤+٤) وقاڵبی شیعرەکەش پێنجخشتەکییەوپێکهاتووە لە٧ حەوت بەندە پێنجینەی موسەممەت ویەکەم بەندی پێنجینەکەی لەجۆری موسەررەع - تەواو و ئەوانی دیکەی هەموویان لە جۆری پێنجینەی رۆژهەلاتین، کە بەفۆرمێکی نوێ بەم شێوەیەی خوارەوەیە دایرشتووە: (AAAAA/BBBBA/CCCCA/DDDDA/EEEEA/FFFFA/GGGGA) |
| ١٥٣-سەرخوەبوونا مووریان | جەگەر خوین | چیرۆکە شیعر لەسەر ( پێغەمبەر:سلێمان ) | ٣٩ | ٩٣ ٦ | ١٩٤٢/٢/١٥ | کێشی ئەم پارچە شیعرە ١٤ برگەییە و بەدەستەپێی ( ٧+٧ ) دانراوە و سەرواقاڵبەکەشی لە ٤٣ بەیتی مەسنەوی پێکهاتووە . |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٥٤– مارش | نـا مى<br>(ئەحمەد نامى ) | نيشتيمانى | ٤١ | ٩٥<br>٨ | ١٩٤٣/٣/١٥ | ئەم پارچەيە لەسەر قاڵبى ٥پێنج بەندە سێخشتەكيى تەرجيعبەند پێكهاتووە و ريزبەديى ئەو بەندانەش بەم شێوەيە : (AAA/BBA/CCA/DDA/EEA ) |
| ١٥٥– دەست بۆسى<br>(ژئاپێمن نورەدينره ) | مشـۆ | نامەيەكى شيعرييە لە برازايەكى د.نورەدين زازا | ٤١ | ٩٥<br>٩ | = | لە ٢٠ بەيت پێكهاتووە وبەكێشى ١١ بڕگەيى و بە رەزمى (٥+٣+٣ ) و( ٥+٦) داڕێژراوە . سەرواى تێكڕاى بەيتەكان جووتقافيەن ( مەسنەوى ) . |
| ١٥٦– ئاوايىٚ ئەڤينىٚ | هشيار | دڵدارى | ٤٢ | ٩٧<br>٤<br>ل٢ | ١٩٤٣/٤/١٥ | ئەم پارچە غەزەلە لەسەر كێشى عەرووزى (رەمەڵى هەشتى مەقسوور – فاعلاتن ×٤) دانراوە ، بڕوانە:( عبدالصمد أسلام طه – رسەرچاوەى پێشوو ، ل٥٧ ) . |
| ١٥٧–چيايىٚ جودى | م ، ا ، بۆتى | نيشتمانپەروەرى | ٤٥ | ل٦<br>١٠<br>٢٤ | ١٩٤٢/٦/٢٠ | ئەم تێكستەشيعرە بەكێشى ١٤ چواردە بڕگەيى و بەرەزمى ( ٧+٧) دانراوە وسەروا قاڵبيشى لە ١٢ بەيتى جووتقافيەى مەسنەوى پێكدێت . |
| ١٥٨– سكاڵاى پۆڕ و كەو | بەنگينە | چيرۆكە شيعرى باسنيايى | = | ل<br>١٠<br>١٠<br>٢٨ | = | ئەم شيعرە پێشتر لە ژمارە (٩)ى گۆڤارى (گەلاوێژ ) دا بڵاوبووەتەوە .<br>ئەم پارچە شيعرە بە كێشى ١٠ دە بڕگەيى و بەرەزمى (٥+٥) ى خۆماڵى دانراوەو بريتيشە لە ١٤ بەيتى مەسنەوى . |
| ١٥٩–مارشا جانبێزاران | عوسمان سەبرى | نيشتيمانى | ٤٩ | ١٠<br>٦٢ | ١٩٤٢/٩/١٥ | ئەم شيعرە لەسەر كێشى خۆماڵى كورديى دە ١٠بڕگەييە و بەريتمى ٥ + ٥ داڕێژراون و بريتييە لە سىٚ بەندە قاڵبى دەيينەيى تەرجيعبەنديى موسەممەت : (ABCDEEFBEE/GHIHGJKHEE/LMNMONHMEE) |
| ١٦٠– شيعرێن زارۆكان | = | ٣پارچە شيعرى فێركارى :<br>أ–دبستان<br>ب–بهار<br>ج–تەڤديرا مشكان | = | ١٠<br>٦٥ | = | ئەوەى يەكەميان أ:<br>كێش = ١٤ بڕگەيى و بەرەزمى : ( ٧+٧ ) ەو بريتييە لە ١١ بەيتى مەسنەوى .<br>دووەميان ب:<br>كێش = ١٦ بڕگەيى و بەرەزمى : ( ٨+٨) ەو بريتييە لە ٨ بەيتى مەسنەوى.<br>سێيەميان ج :<br>كێش = ١٤ بڕگەيى و بەرەزمى : ( ٧+٧ ) ەو بريتييە لە ١٧بەيتى مەسنەوى |
| ١٦١– مارشا فەلاتىٚ شام ٢٨تيرمەهىٚ ١٩٣٨ | = | نيشتيمانى | ٥٠ | ١٠<br>٧٧ | /١٠/١٥<br>١٩٤٢ | كێشى ئەم تێكستە شيعرە ١٣ سيانزدە بڕگەييە و بە دەستەپێيەكانى (٤+ ٤+٥) ە ئەمە جۆرە كێشەش كەمتر لەشيعرى كورديدا دەبينرێت .وسەرواقاڵبەكەشى پێكهاتەى ١٠ بەيتى مەسنەوييە . |
| ١٦٢– پيرۆزبيا جەژنىٚ ژ خوەيىٚ | شێخ مەحموودىٚ بريڤكانى | پيرۆزنامە لەخاوەنى هاوار | ٥٠ | ١٠<br>٧٨ | = | كێشى ئەم پارچە شيعرە عەرووزييە ولەسەر بەحرى رەجەزى هەشتى تەواو:<br>(مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن ) ×٢ ...بڕوانە:<br>( عبدالصمد أسلام طه –سەرچاوەى پێشوو،ل٥٩) .ولەرووى سەرواقاڵبيشەوە بريتييە لە ٤ چوار بەندە قاڵبى چوارينەى موسەممەتى هەمەڕەنگى ، كەيەكەميان لەجۆرى تەواو يان ( موسەررەع )ە وئەوى دووەميان لەچوارينەى ئينگليزييەسێيەميشيان جۆرى باباتاهيرى وچوارەميشيان لەجۆرى فارسى كوردييەكەيە،ريزبەنديى سەرواى هەر چوار بەندە چوارينەكان بەم شێوەيە ، كە لە كۆتايى هەريەك لەبەندەكان نيوەلەتى ( ..................،جەژنا تە پيرۆز ببيت ) دووبارە دەبێتەوە :<br>(AAAA/BACA/AADA/EAAA) |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦٣- سلاڤ ل سفره حازره | له ديوانى : (جەگەر خوين ) | رياليستيى رەخنەگرانەيە لە ئاغا دەرەبەگ و شێخ | ٥١ | ١٠ ٨٢ | /١١/١٥ ١٩٤٢ | کێشی ئەم پارچە شیعرە ١٦ بڕگەییە وبەدووبارەبوونەوەی دوو کێشی سەرەکیی (٨ بڕگەیی ٤+٤ ) داڕێژراوە ، ئەگەرچیعبدالصمدأسلام طه نامەکەیدا (رەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاوار..ل٥٩ ) بە کێشی عەرووزیی سەر بە بەحری:(( رەجەزی هەشتی تەواو .. ( مستفعلن مستفعلن )×٢)) دادەنێت...، لەکاتێکدا جەگەرخوین زێتر بەو شاعیرە میللییە ناسراوە ،کە زۆرتر ئاوێزانی کێشە بڕگەییە خۆماڵییەکان بووە . قاڵبی ئەم پارچەیە سەروای چوارینەی هەمەڕەنگە ویەکەم بەندەچوارینەشی بە جۆری شکسپیری دەستپێدەکات و پاشان چەندێك لە بەندە چوارینەی هەمەڕەنگ بەکاردەهێنێت وریزبەندیی ئەو بەندەچوارینانەش بەم شێوەیە : (ABAB/CDEB/FGHB/IBJB/BKLB/BBMB/BNOB/BPBB) . |
| ١٦٤- پەندنامە | جەگەر خوين | هوشياربوونى نەتەوەيى | ٥٢ | ١٠ ٩٤ | ١٩٤٣/١/٢٠ | کێشی ئەم تێکستە شیعرە لەسەر ١٣ سیانزدە بڕگەییەوبەدەستەپێیەکانی(٥+٤+٤)و(٤+٤+٥)دانراوە و وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد ، کەئەم جۆرە کێشەش کەمتر لەشیعری کوردیدا دەبینرێت .سەروا قاڵبی شیعرەکەش پێنجخشتەکییەوبریتییە لە ٧ حەوت بەندە پێنجینە و یەکەم بەندە پێنجینەشی لەجۆری تەواو یان ( موسەررەع – AAAAA) ەو ئەوانی دیش تێکڕا لەجۆری بەندەپێنجینەی رۆژهەلاتییەکەیە: (BBBBA) و لەرووی سەروای قاڵبە پێنجخشتەکییەکەی هاوشێوەیە لەگەڵ شیعری (هێڤییا مە ) کەی ( صاڵح یوسفی ) و ریزبەندیی سەروا قاڵبی پێنجینەکانیش بەم جۆرەیە : (AAAAA/BBBBA/CCCCA/DDDDA/EEEEA/FFFFA/GGGGA). |
| ١٦٥- حەيات | حسين ئەمينىّ پەريخانى | كۆمەلايەتى | - | ١٠ ٩٧ | - | کێشی ئەم پارچەیە لەسەر کێشی ١٥ بڕگەییە وبە دەستەپێیەکانی ( ٥+٥+٥) دانراوە و سەروای شیعرەکەش بریتییە لە ٨ بەیتی مەسنەوی . |
| ١٦٦- بەيتا كەوىّ | مەلا ئەنوەر | سەنگينيى نيشتيمان | - | - | - | قەسیدەیەکی ٤١ بەیتییەو لەسەر کێشی عەرووزیی : (ڕەجەزی چواری تەواو) ە ( مستفعلن مستفعلن )×٢ ئەم شیعرەش لەرووی کێشەوە هەر ئەو کێشە عەرووزییەی شیعری ( سلاڤ ل سفرا حازرە – جەگەر خوین ) . |
| ١٦٧- مارشا كەيانى | جەگەر خوين | هوشياريى نەتەوەيى | ٥٢ | ١٠ ٩٨ | - | کێشی شیعرەکە دوانزدە ١٢ بڕگەییە بۆهەر نیوەدێڕێکی بەیتی یەکەمی بەندەشەشینەکان وبەدەستەپێیەکانی :(٣+٣+٣+٣) داڕێژراوە و وەلێ بۆ نیوە دێڕەکانی دووەم و سێیەم بەیتی هەرکام لە بەندە شەشینەکان ٦ بڕگەییە و بە دەستەپێیەکانی (٣+٣) داڕێژراوە ، بڕوانە کێشی ١٢ بڕگەیی : (د.دڵشاد عەلی ، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ،چ . ڕەنج، سلێمانی ١٩٩٩ ،ل ١٤٠ ) ئەم تێکستە شیعرە لەلایەن خاوەنەکەیەوە بە فۆرمێکی نوێ وجوان دایڕشتووە و سەرواقاڵبەکەشی لەسەر بنەمای شەشینەی هەمەڕەنگ و لە ٤چوار بەندە شەشینە پێکهاتووە بە شێوەیەی خوارەوە : (AAbbaa/CCdddc/EEffge/HHIIJh) |
| ١٦٨- رۆڤيىّ كەر | عوسمان سەبرى | چيرۆكە شيعر بۆ منالان | - | ١١٠٠ ١١٠١ | - | کێشیئەم تێکستە شیعرە١٤بڕگەییەوبەدەستە پێیەکانی (٤+٣)دانراوەوبریتییەلە١٠٨ بەیتی مەسنەوی . |
| ١٦٩- خانمەكە جوان | جەگەر خوين | دلدارى | - | ١١ ٠١ | - | کێشی ئەم پارچەیە بڕگەییە و لەسەر کێشی ١٣ سیانزدە بڕگەییە و بە دەستەپێی :( ٥+٤+٥ ) سەروا قاڵبی ئەم شیعرە بریتییە لەپارچە شیعرێکی(غەزەل) |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٧٠- ئەڤـين | عوسمان سەبری ( مەدەگەشکەر- سانتماری ) ١٩٣٦/٢/١٠ | = | ٥٣ | ١١ ٠٨ | ١٩٤٣/٣/١٥ | ئەم تێکستە شیعرە بە کێشی ٧ بڕگەیی و بە ڕەزمی (٤+٣) داڕێژراوە وسەرواقاڵبەکەشی چوارینەیە و بریتییە ١٨ هەژدە بەندەچوارینە، جگە لە بەندە چوارینەی سیانزدەیەمین نەبێت ،کە لە جۆری شکسپیری:(ABAB)یە،ئیدی تەواوی بەندەچوارینەکانی دی لە جۆری بەندەچوارینەی (ABCB) یە . |
| ١٧١- بەیداخی کورد پێشکەش بە گەنج ولاوان | ئە . شێرکـۆ | نیشتیمانی | = | ١١١ ٠ | = | ئەم پارچە شیعرە بە کێشی ١٠ بڕگەیی و بەرەزمی (٥+٥) ی خۆماڵی دانراوەو ،بریتییە لە ١٠ دە بەیتی مەسنەوی . |
| ١٧٢- پێشکەڤن - باریٚ گران لسەر ملیٚ خۆرتانە- | جەگەر خوین | = | ٥٤ | ١١١ ٦ | ١٥ ١٩٤٣/٥/ | ئەم پارچە شیعرە بە کێشی ١٠ بڕگەیی و بەرەزمی (٥+٥) ی خۆماڵی دانراوەو ،بریتییە لە ٥ پێنج بەندە چوارینەی تەرجیعبەند ، بە جۆرێك ،کە لەتی سێیەم و چوارەمی تەواوی بەندە چوارینەکان بریتییە لە بەیتێکی تەرجیعی و هەموو چوارینەکانی پێکەوە گرێداوە ...ریزبەندیی بەندە چوارینەکانیش بەم شێوەیە: (ABCD/EECD/FFCD/GGCD/HHCD) |
| ١٧٣ -جەژنە پیرۆزبیا وەلاتۆ (ژ بیریٚن رۆژێن کەڤن ) | عوسمان سەبری | = | = | = | = | کێشی ئەم تێکستە ١٦ شانزدە بڕگەییە و بەدەستەپێیەکانی (٥+٣) و (٣+٥) داڕێژراوە بریتییە لە ٨ بەیتی سەروا مەسنەوی . |
| ١٧٤- سەرسالا من (ژبیریٚن رۆژێن کەڤن ) | عوسمان سەبری نامەیەکە بۆ قەدری جان | نیشتیمانی | += | ١١١ ٧ | | ئەم تێکستە شیعرە بە کێشی ٧ بڕگەیی داڕێژراوە وسەرواقاڵبەکەشی چوارینەیە و بریتییە ٢١ بیستویەك بەندەچوارینەی جۆری (**ABCB**) بڕوانە: ( مەریوانی عومەر دەوڵەت ،قەدری جان ،لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،سلێمانی ،٢٠٠٦ ،ل١٦٥ .). |
| ١٧٥- دایلان (ژ بیریٚن رۆژێن کەڤن ) | عوسمان سەبری | دڵداری | ٥٥ | ل٤ ١١٢ ٦ | ١٩٤٣/٦/١٥ | کێشی شیعرەکە ٨ هەشت بڕگەییە و بەرەزمی (٥+٣) داڕێژراوە ، ولەسەر قاڵبی چوارینەیەپێکهاتووە لە ١٩ بەندە چوارینە ی موسەممەت،کە یەکەم بەندە چوارینە لەجۆری بەندە چوارینەی(شکسپیرییە – ABAB) یيە و ئیدی لەدووەم بەندە چوارینە بەدواوە هەر بە جۆری بەندەچوارینەی (AAAB) دەڕوات وسەروای کۆتایی دوا لەتی هەمووبەندە چوارینەکان هاوسەروان وهەموویانی بەیەکدییەوە گرێداوەو ریزبەندیی چوارینەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوەیە : (ABAB/CCCB/DDDB/EEEB/FFFB/GGGB/HHHB/IIIB/JJJB/KKKB/LLLB/MMMB/NNNB/OOOB/PPPB/QQQB/RRRB/SSSB/TTTB ). |
| ١٧٦- دلژاریٚ غەمگین | ئەحمەد نامی ( غەمگین ) | هۆشیاریی نەتەوەیی | = | ١١٢ ٨ | = | کێشی شیعرەکە ١٦ شانزدە برگەییە و یان دووبارەبوونەوەی کێشی خۆماڵیی (٨) بڕگەیی داڕێژراوە و بەدەستە پێیەکانی:(٤+٤+٤+٤)یاخود هەندێکجار پەنای بۆ ئەم ریزکردنی دەستەپێیانە بردووە : (٤+ ٤ +٣+٥ ) ، قاڵبی ئەم شیعرە چوارینەی موسەممەتی تەرجیعییە و پێکهاتووە لە٨هەشت بەندە چوارینە وپارچە شیعرەکە بە بەندە چوارینەیەکی جۆری تەواو ( موسەررەع- AAAA) دەستپێدەکات و ئەوانی دیش تێکڕا لەیەك جۆر بەندە چوارینە پێکدێن ، کە ئەویش جۆری چوارینەی رۆژهەڵاتی (AAAB)یيە وسەروای کۆتایی چوارەم لەتەکانی تێکڕای شیعرەکەش بریتییە لە سەرواوشەی ( غەمگین ) ، کە هەموو بەندە چوارینەکانی بەیەکەوە گرێداوە ئەمەش لە بنەمادا نازناوی شاعیر خۆیەتی و ریزبەندییی ئەو بەندە چوارینانەشبەمشێوەیەیە: (AAAA/BBBA/CCCA/DDDA/EEEA/FFFA/GGGA/HHHA ). |
| ١٧٧- هەوارە | صالح بامەڕنی ( صالح یوسفی ) | = | = | = | = | ئەم پارچە شیعرە بە کێشی ١٠ بڕگەیی و بەرەزمی (٥+٥) ی خۆماڵی دانراوەو ،قاڵبی پارچەکەش بریتییە لە ٨ هەشت بەندە چوارینەی تەواو ( موسەررەع AAAA) بەم شێوەیەی خوارەوە : (AAAA/BBBB/CCCC/DDDD/EEEE/FFFF/GGGG/HHHH) . |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٧٨– کەچا شیعرێ (ژ بیرێن رۆژێن کەڤن) | عوسمان سەبری | دڵداری | ٥٦ | ل٥<br>١١<br>٣٥ | ١٥ /٧/<br>١٩٤٣ | ئەم شیعرە لەسەر کێشی ١١ بڕگەیی و بە رەزمی (٦+٥ ) داڕێژراوە و قاڵبی شیعرەکەش لە ٩نۆ بەیتی مەسنەوی پێکهاتووە . |
| ١٧٩– یـارەب | جەگەرخوین | پاڕانەوەلە خودا<br>( نائومێدی ) | ٥٧ | ل٤<br>١١٤<br>٢ | ١٩٤٣/٨/١٥ | کێشی شیعرەکە ١٦ شانزدە برگەییە و یان دووبارەبوونەوەی کێشی خۆماڵیی (٨) بڕگەیی داڕێژراوە ولەهەرلەتە دێرێکیدا دوو دەستەپێی جیاواز دەبینرێت بەدەستە پێیەکانی:(٤+٤) (٥+٣)یاخود هەندێکجار پەنای بۆ ئەم ریزکردنی دەستەپێیانەش(٣+٥)(٤+٤) بردووە و پارچەکەش بریتییە لە بریتییە لە غەزەلێکی ٨ هەشت بەیتی . |
| ١٨٠– هێڤییا نوھ | عوسمان سەبری | هۆشیاریی نەتەوەیی | ٥٧ | ل٥<br>١١٤<br>٣ | = | ئەم پارچەیە بە کێشی عەروزیی ( بەحری هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف<br>: (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن ) ×٢ دارێژراوە ..بڕوانە: (د.عبدالصمد أسلام طه ، سەرچاوەی پێشوو...ل٥٥ ) وسەروا قاڵبەکەشی لەسەر بنەمای موستەزاد بنیادنراوە .<br><br>مە هێڤی ژ کەسی نەما بیٚ خۆرتێن وەلاتی<br>ئەو هیمیٚ وەلێتن<br>ئێن تیرا نەیار جەرگ و هناڤ ژیٚ سۆت پەهتی<br>تەڤ ئاگر و پێتن |
| ١٨١– ئەز ویار | جەگەر خوێن | دڵداری | = | ل٦<br>١١٤<br>٤ | = | ئەم پارچە شیعرە لەسەر کێشی ١٤ چواردە یڕگەییە و بە ریتمی : (٥+٥+٤ ) دانراون و قاڵبە سەرواکەشی چوارینەیە و لە ٤ چوار بەندە چوارینە ی هەمەڕەنگ پێکهاتووە ، کە یەکەم و سێیەم بەندە چوارینەی لە جۆری باباتاهیرییە وئەوی دووەم شێوەی (ABBB)ی وەرگرتووە وئەوی کۆتاییش لە جۆری چوارینەی ئەوروپییە :<br>(AABA/CDDD/DDED/BDFD) |
| ١٨٢– فەریــاد | م. أ . بۆتی | نیشتیمانی | = | ل٧<br>١١٤<br>٥ | = | کێشی ئەم پارچەیە لەسەر کێشی ١٥ بڕگەییە وبە دەستەپێیەکانی ( ٥+٥+٥) دانراوە ، بەڵام لە سەرچاوەکەی : (د.عبدالصمد أسلام طە ، سەرچاوەی پێشوو. ل٥٨) دەڵی : ئەم کێشە ( عەرووزییە) و لەسەر بەحری : ( رەمەڵی هەشتی مەحزووف-- فاعلاتن فاعلاتن . فاعلاتن فاعلن ...داڕێژراوە)... قاڵبی شیبعرەکەش لە ٦ شەش بەندە دەلالاچوارینەی جووت مەسنەوی جیاواز لە یەکدی پێکهاتووە . |

## ئـەنجـام

لەماوەی تەمەنی گۆڤارەکە ، وبەتایبەت لە ژمارە (١ – ٢٣ )ولەگەڵ بەشداربوونی شاعیرانی هەردووشێوە زمانە ئەدەبییەکەی کرمانجیی ژووروو و ناوەڕاست ، لێشاوێك لەتێکستی شیعریی دەبینین ، لەبەرامبەریشدا لەو ٣٤ ژمارەیەی دواتری(٥٧) ژمارەی گۆڤارەکە، بەرهەمە شیعرییەکان لەچاو ژمارەکانی پێشووی گۆڤارەکە ڕوویان لە کەمبونەوە کرد ، هۆکارەکەشی فشاری سیاسی حکومەتی ئەودەمی عیراق و دابڕانی نووسەرانی باشووری کوردستان بوو لە گۆڤارەکە .

لەدوای یەکالاکردنی ١٨٢ پارچە شیعر..ئەوەمان بۆدەستەبەربوو، کە زۆرینەی شیعرەکانی لەسەر بنەمای کێشی بڕگەیی وئەوانەی دیش لەسەر ڕێچکەی کلاسیکیی و بە کێشی عەرووزی داڕێژراون ، بەم پێیەش کێشی بڕگەیی کێشێکی سەرەکیی بووە لەو پرۆسە شیعرییەدا ، هەروا لەنێو بەکارهێنانەکانی جۆرەکانی کێشدا،لە نێو هەندێ ژمارەی گۆڤارەکەدا تێکستگەلێکی شیعریی دەبینین ، کەبە شێوەی هەمەڕەنگیی چ بە شێوەی تێکەڵکردنی هەر دووجۆرەکەی (بڕگەیی – عەرووزی ) داڕێژراون یاخود لە هەندێ هەڵبەستی ئازاددا بەتێکەڵکردنی جۆرەکانی کێشی بڕگەیی..، چەند بەرهەمێك دەبینرێت .

گۆڤاری ( هاوار )بەخستنە ڕووی تێکستێکی زۆر لەو شیعرانەی، کە بەکێشی بڕگەیی دەنووسران وگەڕانەوەش بۆئەو کێشە کوردییە خۆماڵییانە ،کە ئامانجێکی سەرەکیی خاوەنەکانیان بوو ، توانی پێڤاژۆیەکی نوێکردنەوە یان گواستنەوە لە دیرۆکی پرۆسەی شیعری کوردیمان تۆماربکات ودەروازەی شیعری کوردی لە کلاسیکییەوە بەرەو ئاراستەی نوێکارییەکە والا بکات هەروەها لەماوەی تەمەنی گۆڤارەکەدا گەلێك شیعری بە پێزونوێ چ لەڕووی فۆرم وناوەڕۆکەوە دەبینرێت ، کەبۆ یەکەمجاربوو بەردیدی خوێنەر دەکەوت ، لەوانە شیعرەکانی ( گۆران ، د.کامران عالی بەدرخان ، قەدری جان ... )ن .

لە زۆربەی تێکستە شیعرییەکاندا سەلیقەو توانای هونەریی خاوەنەکانیان لەوەدا بەدەردەکەوتن ، کە دیاردەی تێکەڵکردنی هەمەڕەنگی لە کێش وهەمەجۆرەی قاڵبەکان بەگشتی وبەندەچوارینەکان بەتایبەت، دەبینرێن .

## سەرچـاوە


کتێب :

**بەزمانی کوردی**

١) ئەیوب کوێخا ڕۆستەم ،توێژینەوەی تایبەت بە شیعرە فۆلکلۆرییەکانی شارەزوور ، چ/ کارۆ ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠١٣ .

٢) جعفر شێخ حسێن بەرزنجی، چەند مەلۆیەك لە شارای فۆلکلۆری کوردی ،دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی،بەغدا،١٩٨٦

٣) حوسێن حەبەش ، راپەرینا چاندا کوردی د کۆڤارا هاوارێ دە ، بۆن ، ١٩٩٦ ،لاتینی .

٤) دڵشاد عەلی( د. )، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ،چ . ڕەنج، سلێمانی ١٩٩٩ .

٥) عبدالصمد أسلام گە ،ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاوار دا ، دەزگای‌چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٢ .

٦) عومەر مارف بەرزنجی ، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی ، ، چ . شڤان ، سلێمانی ، ٢٠٠٦.

٧) عەزیز گەردی (د.) ، سەروا ، دەزگای ئاراس بۆ وبلاوکردنەوە ، هەولێر ، ١٩٩٩.

٨) عیزەدین مستەفا ڕەسول( د.)،مەحمود زێوەر ، دیوانی بەختیار زێوەر ، دەزگای رۆشنبیری وبلاوکردنەوەی

كوردی،بەغدا ،١٩٨٩ .

٩) محمد كريم شريف، فۆلكلۆری هۆنراوەكانی كوردەواری، زیادكردنی: سعدالله اسماعیل شێخانی،چ/الحوادث،بەغدا-١٩٨٦ .

١٠) محەمەد عەلی قەرەداغی ، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ،دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا،١٩٨٢

١١) محمود توفيق خەزنەدار_ پێشەکی وسەرپەرشتی:د.عیزەدین مستەفا رەسوول، بەرهەمی کۆکراوەی عبدالواحید نوری ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ، ١٩٩١ .

- بەزمانی عەرەبی :

١) عزالدين مصطفى رسول( د.) ،الواقعية في الأدب الكردي، دارالمكتبة العصرية ،صيدا- بيروت ،١٩٦٦ .

گۆڤار :

١) هاوار - HAWAR ، بەرگی یەکەم ، ژمارەکانی: ( ١ - ٢٣ )، چاپخانەی تەرەقی ، بە هەردوو شێوەنووسینی عەرەبی و لاتینی، شام ، ساڵانی: ١٩٣٢-١٩٣٣.

٢) (HAWAR ) ، بەرگی دووەم ، ژمارەکانی : ( ٢٤،٢٥،٢٦،٢٧،٢٨،٢٩،٣٠،٣١،٣٢،٣٤،٣٦،٣٩،٤١،٤٢،٤٥،٤٩، ٥٠،٥١،٥٢،٥٣،٥٤،٥٥،٥٦،٥٧ ، چاپخانەی تەرەقی ، تەنیا بەشێوەنووسینی لاتینی ، شام ، ساڵكانی : (١٩٣٤-١٩٣٥-١٩٤١-١٩٤٢-١٩٤٣ ) .

ڕۆژنامە :

١ ) ڕەفیق سابیر، کێش لە شیعری نوێی کوردیدا ، ڕ: بیری نوێ، ژ ٢٠٠ ،بەغدا،ساڵی پێنجەم،١٩٧٦/٧/١٧ .


## ملخص البحث بأللغة ألعربية

خلال مدة اصدار المجلة و لاسيما من عدد (١) الى (٢٣) بمشاركة شعراء كلتا اللهجتين : كرمانجية الشمالية و الوسط نجد موجة لابأس بها من النصوص الشعرية الراقية ، وفي المقابل فأن الآعداد اللاحقة منها والمتبقية وهى (٣٤) اربع وثلاثون من مجموع (٥٧) عدد..نلاحظ تقليصا واسعا في عرض النصوص الشعرية ، والسبب في ذلك يكمن في الضغوطالسياسية التى مارستها سلطة الحكومة العراقية تجاه الآكراد التي ادت في النتيجة الى انقطاع ادباء وكتاب الكرد لجنوب كردستان في المشاركة .

بعرض مجلة ( هاوار) العدد الكبير من الشعر الكردي المنظوم على وزن المقطع وبألعودة الى الآوزان الشعرية الموروثة والذى كان من اهداف ادباء الكرد ، استطاع ان تسجل المجلة مرحلة اتقالية رائعة للشعر الكردي ، وان يفتح الباب أمام التحول من الكلاسيكية بأتجاه التجدد و من خلال عمر المجلة نجد الكثير من النصوص الشعرية المعروضة بأسلوب متين ومتشوق وجديد من ناحيتى والمضمزن وكان ذلك مفاجأة بألنسبة للقارىء الكردي ، ومن اصحاب هذهالآشعار الرائعة:( گوران ، د.كامران عالى بدرخان ، قدرى جان..) واضافة الى ذلك ..في أغلبية النصوص الشعرية نستكشف السليقة والقدرة الفنية لآصحاب تلك النصوص وقد تبين ذلك من خلال ظاهرة تنوع ألآوزان الشعرية و قوالبها بصورة عامة و في الرباعيات بصورة خاصة .



## Abstract

Through the life span of Hawar magazine, and especially from Vol. 1 to Vol. 23, a flow of poetic texts can be seen as a result of the contribution of poets from both literary dialects of North and Middle Kirmanji, whereas in the last 34 volumes (of the overall 57 volumes) poetry was seen less. The reason was the political pressures of the Iraqi government of that time alongside the departure of the poets from the South of Kurdistan from the magazine.

Featuring a large number of those poetic texts that were written with syllabic metre and turning back to Kurdish local metres, which was a basic objective of their authors, Hawar magazine could set an age of innovation or transition in the Kurdish poetry and open the horizon towards modernism from its classical form, slso through the life span of the magazine, many new and influential poems in both form and content could be seen that had not been published before including the poems of Goran, Dr. Kameran A'ali Bedirxan, Qadri Jan ...etc.

In most of the poetic texts, the poets' intuition and artistic ability could be seen in mixing between a diversity of metres and variation of forms in general and the quatrains in particular.